مایاکۆڤسکی

سەرچاوە/ مایاکوفسکی

د.حیاة شرارة

- (سلسلة اعلام الفكر العالمي)

(المؤسسة العربية للدراسات و النشر ،

بيروت، ١٩٧٥)

ناوی کتێب:مایاکۆڤسکی

نووسینی: د.حەیات شەرارە

وەرگێڕانی:ئیبراهیم ئەحمەد حسێن

بابەت:ئەدەبی

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ١٠٠٠ دینار

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢

کوردستان ــ سلێمانی

**www.serdam.org**

بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:**kteb@serdam.org**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٤١٩)ی ساڵی ٢٠١٢ ی پێدراوە.

**( مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

**د. حەیات شەرارە**

# مایاکۆڤسکی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

ئیبراهیم ئەحمەد حسێن

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی‌گیرفانی ژمارە (١٢١)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

# پێرست

ژیان و بەرهەمەکانی.................................. ٧

بۆچی مایاکۆڤسکی خۆی کوشت......................... ٥٨

شاعیرانی سەردەمەکەی و شۆڕش......................... ٧٦

گەشەسەندنی تێگەیشتنی شۆڕشگێڕی مایاکۆڤسکی.... ٩٧

# مایاکۆڤسکی

## ژیان و بەرهەمەکانی:

سروشتی قەوقاز بە جوانییە خەیاڵاوییەکەی جیادەکرێتەوە، کە دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی هەرکەسێك کە دەیبینێت، وێنەی شاخە بڵند و دەریاچە و ئاو و درەختە هەمیشە سەوزەکانی، مرۆڤ دەباتە جیهانێکی رۆمانتیکی سەرنجڕاکێشەوە، کە رۆح و بیر مەست دەکات. لە ناوجەرگەی ئەم سروشتە دڵگیرەوە و لە گوندێکی جۆرجیادا بەناوی بغدادی، مایاکۆڤسکی چاوی بە دنیا هەڵهێنا، کە (ڤلادیمێر قوستەنتینۆڤیچ مایاکۆڤسکی)ی باوکی سەر بە

خێزانێکی خانەدانی هەژار بوو و وەك سەرپەرشتیاری پاسەوانی دارستانەکان کاری دەکرد، مایاکۆڤیسکیش لە هەمان رۆژی لەدایکبوونی باوکیدا لە رێکەوتی ١٩ی تەمموزی ١٨٩٣ هاتە دنیاوە و وەك رێزلێنانێکیش بەناوی باوکییەوە ناونرا، هەرچی دایکیشێتی، کچی پیاوێکی سەرباز بوو و هەر لە گەنجێتییەوە ئارەزووی وێنەکێشان و هۆنراوە نووسینی دەکرد، پاشان لەدوای شووکردنی، گشت تواناکانی خۆی تەرخانکرد بۆ خێزانەکەی و کوڕە بچوکەکەی ڤلادیمێر، کە لە دوای مردنی کوڕەکانی تری بەشێوەیەکی تایبەت گرنگیی بە بەخێوکردنی ڤلادیمێری تاقانە دەدا، لەگەڵ دوو خوشکەکەی ( ئۆلیا و لۆدمیلا).

مایاکۆڤسکی تەمەنی منداڵی لەگەڵ ئۆلیای خوشکە بچوکیدا بەسەربرد، کە پێکەوە لە دارستانە چڕەکانی بغدادیدا دەسووڕانەوە و دەچوونە سەر رووبارەکە و رادەمان بەدیار ئاشە ئاوەکانەوە و لە لێوارەکانیدا بووکی قوڕینیان دروستدەکرد.

بە هاتنی وەرزی هاوین و گەڕانەوەی لۆدمیلای خوشکە گەورەشیان لە تەفلیسی پایتەختی جۆرجیا لە خوێندن،

ژیانیان دەگەشایەوە، ئیدی پێکەوە گەشتی دووریان دەکرد بۆ شاخەکان و ناوچەی تاڤگەکان و کەنیسەی(گیلاتی) و زۆربەی جاریش بە شەو دەگەڕانەوە و بە چراکانی دەستیان ڕێگەکەیان ڕۆشن دەکردەوە. هەندێك جاریش لۆدمیلا گەشتی ئاویی بۆ سازدەکردن و سواری کەشتی و بەلەمی چارۆکەدار دەبوون و بە کەنارە بەیەکداچووەکانی جۆرجیادا دەگەڕان.

هەروەها مایاکۆڤسکی دەریا و ژیانی خەڵکی کەنار دەریای خۆشدەویست و یەکەمین وێنەکانیشی ڕەنگدانەوەی تێڕوانینە قووڵەکانی بوو لەسەر دەریا بێ کۆتایی و بەلەمەکانی ناوی و ئەو شەپۆلانەی کە گوژمی پێدەدان و ئەو کەسانەشی کە بەناویدا تێپەڕ دەبوون.

لەکاتی دەستپێکردنەوەی ساڵی خوێندنیشدا ، هەر زوو ئەو کاتە پڕ جۆش و خرۆشانەی لەگەڵ خوشکەکانیدا بەسەر دەبردن ، لە ژیانیدا ون دەبوون و لە بەرامبەردا بە خوێندنەوە ئەو بۆشاییەی پڕ دەکردەوە، بۆیە لە زووەوە هۆگربوونی بۆ خوێندنەوە دەرکەوت، هەر چۆن دایکی لە یادەوەرییەکانیدا باسی کوڕەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

ڤالۆدیا هەر زوو و لە تەمەنی چوار ساڵییەوە شەیدابوونی بۆ خوێندنەوە دەستی پێکرد و زۆرجاریش داوای لێدەکردم بۆی بخوێنمەوە، کاتێکیش سەرقاڵبومایە و نەمتوانیایە، دەستیدەکرد بە گریان، بۆیە گشت کارەکانم بەجێدەهێشت و لە پێشدا چیرۆکم بۆ دەخوێندەوە و پاشان چیرۆکی ئەفسانەیی گریلۆڤ و لە دواییدا هۆنراوەکانی پۆشکین و نیکراسۆڤ و لێرمەنتۆڤ و چەندان شاعیری ترم بۆ دەخوێندەوە، ئەم خوێندنەوەیە پیشەی گشت رۆژێکم بوو.

زۆر سەرقاڵ نەدەبوو بە چیرۆکەوە، بۆیە داوای دەکرد کە بابەتی (راستەقینەی) بۆ بخوێنمەوە و بە شێوەیەکی تایبەت حەزی بە شیعر دەکرد، کاتێکیش هۆنراوەیەکی بەدڵ بووایە، داوای لێدەکردم کە جارێکی تریش بۆی بخوێنمەوە و لەبەری دەکرد و بە شێوەیەکی چاك و دەربڕینێکی جوان لەبەر خۆیەوە دەیوتەوە .

هەر زووش بەهرەی هۆنراوە نووسین تیایدا گەشەی کرد، بۆیە زیاتر پەرەی پێدەدا و بە قووڵی لە خوێندنەوەی دیوانە شیعرییە جیاوازەکان و بەشداریکردن لە ئێوارە کۆڕە شیعرییەکاندا گرنگی پێدەدا و هەر ئەمەش بوو بەهۆی

سەرسوڕمانی شیعر دۆستان لەو ئێوارە کۆڕانەدا بە هەستی شیعریی مایاکۆڤسکی و پێشبینیکردنی داهاتوویەکی ڕۆشن بۆی.

سەرەڕای خۆشەویستی مایاکۆڤسکی بۆ سروشت و هۆنراوە، لە گەنجێتیدا سەرسام بوو بە بازاڕە میللیەکانیش، لە کاتێکدا دەنگی غەڵبەغەڵبی فرۆشیارەکان لە جووتیار و پیشەوەرەکان بۆ بانگەشەکردنی کەلوپەلەکانیان بەرز دەبووەوە و کڕیارەکانیش لەسەر جۆر و نرخی کەلوپەلەکانیان مامەڵە و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردن، ئەویش دەستی دەکرد بە قسە و نوکتە کردن لەگەڵیاندا و گوێ بیستی چیرۆك و تانە گرتنەکانیان دەبوو، کە ڕەنگدانەوەی خەون و فەلسەفەی ژیانیان بوو.

ئەم گەڕانانەی مایاکۆفسکیش بەناو بازاڕەکاندا، سەرچاوەی خۆشحاڵی و شادمانی ئەو بوون، لەهەمان کاتدا بوو بە سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری بۆی، کە بەهۆیەوە توانیی لە نزیکەوە ئاشنا بێت بە ژیان و غەم وپەژارەی خەڵك و ئەو زمانەشی کە بەهۆیەوە غەمەکانی پێ دەردەبڕن.

هەروەها لە منداڵییەوە خەونە شۆڕشگێڕییەکانی بۆ ڕووداوەکان دەستیکرد بە گەشەکردن، ئیدی ئەو دەمە مێژووییەی کە تیایدا دەژیا، گەلێك تەقینەوەی شۆڕشگێڕی بەخۆوە بینی، کە دانەمرکایەوە تا شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەری سۆشیالیستی و بەدوایدا جەنگی ناوخۆیی.هەروەها شۆڕشی ١٩٠٥ کە بە گەورەترین شۆڕشەکانی دەیەکی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەژمار دەکرێت، کە مایاکۆڤسکی شاعیر لە ناوجەرگەی ڕووداوە گەورەکانیدا پێگەیشت، سەرەڕای ئەوەشی کە هێشتا گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوو، بەڵام شەپۆلی ڕووداوە شۆڕشییەکان بە توندی لەگەڵ خۆیدا ڕایماڵی، بۆیە سروودی مارسییز و گۆرانییە شۆڕشگێڕییەکانی لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی هاوڕێیدا دەگوتەوە، کە لوولەی تفەنگ و دەمانچەکان کرابووە خوێندنگاکانیان، هەروەها بەشداریدەکرد لەو خۆپیشاندان و مانگرتنانەی کە گشت جۆرجیای گرتبۆوە.

ئەو کەش و هەوا شۆڕشگێڕییەی کە گشت ڕوسیای گرتبۆوە، بەشێوەیەکی گشتگیر ژیانی مایاکۆڤسکی تەنی

بوو، چونکە ئەو شەپۆلە مێژووییە هەروا بەسەرپێی بە ژیانیدا گوزەری نەکرد، بەڵکو مۆرکێکی لەسەر ژیانی هەڵکەند و کاریگەرییەکی وای جێهێشت، کە نەسڕێتەوە و بەشێوەیەکی ئاشکرا دەربکەوێت، بەتایبەتی دوای کۆچی خێزانەکەی بۆ مۆسکۆ.

لە ساڵی ١٩٠٦ باوکی کۆچی دوایی کرد و بەهۆی ئەم ڕووداوەشەوە ژیانی لە جۆرجیا بەرەو کۆتایی دەڕۆشت، بۆیە دایکی بڕیاریدا کە بڕۆن بەرەو مۆسکۆ، ئەو پایتەختەی کە پێش ماوەیەکی کەم ، کۆمەڵێك ڕووداوی خوێناوی بەخۆوە بینی و ببووە گۆڕەپانی ململانێیەکی ترسناك، کە لەلایەك دروشمی نیشتمانیی خۆپیشاندەران و شەستتیری شۆڕشگێڕان تێکەڵ بووبوو بە گوللەبارانی لوولەی تفەنگ و تۆپەکانی پۆلیسی قەیسەری و لەلایەکی تر بۆنی بارووت و خوێن لەگەڵ بەرزبوونەوەی هاواری ئەو دروشمانەی دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك، تێکەڵ بووبوون .

ئەوەتا مۆسکۆی خوێناوی وێنەیەکە لە خەیاڵیدا و بەشێوەیەکی بێدەنگ و گەرم و بەرخۆر لەبەردەمیدا دەچەقێت و هیچ شوێنەوارێکی ئەو ڕۆژگارە سەختانەی کە

بەسەرپێبردبوون، لە ناخیدا نەمانەوە، هەروەها مایاکۆڤسکی نەیتوانی بەرگەی ئەو ئارامییە بگرێت کە بەسەر پایتەختدا سەپێنرابوو، بۆیە بەپەلە چوو بۆ ناوچەی بریسینا، کە ئازایانە رووبەڕووی پۆلیسی قەیسەری بووبوونەوە و لەو پێناوەدا قوربانیی زۆریان دابوو، لەوێ مایاکۆڤسکی بە شەقامەکانیدا دەسووڕایەوە و رادەما بەدیار بەرد و تەلارەکانییەوە، بەهیوای ئەوەی بێنە قسەو باسی ئەوەی بۆ بکەن کەچی لەسەر زەوییەکەی روویداوە، پاشان بیری لەو رۆژگارانەی شۆڕش دەکردەوە کە رێڕەوی ژیانیان دیاریکردبوو.

ژیانی خێزانەکەی لە مۆسکۆ بە بارودۆخێکی نالەباری ماددیدا دەڕۆیشت، لەکاتێکدا کە مووچەی خانەنشینی باوکی تەنها دە رۆبڵ بوو و هێندە کەمبوو، کە پێویستییەکانی خێزانەکەی پڕ نەدەکردەوە، ناچار دایکی یەکێك لە ژوورەکانی خانووەکەی دا بەکرێ بە هەندێك خوێندکاری جۆرجیی هەواداری شۆڕش، کە بەهۆیانەوە مایاکۆڤسکی ئاشنا بوو بە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕیی نهێنی و پەیوەندیکرد بەو تێکۆشەرانەوە، کە سەرەڕای

گەمارۆدانی رووکەشی شۆڕش، بەڵام خەمخۆر وچالاکانە کاریان دەکرد و گفتوگۆیان لەبارەی چەندین بابەتی جیاوازی پەیوەست بە شۆڕشەوە دەکرد. هەر ئەم پەیوەندییە بەهێزەشی بە شۆڕشگێڕەکانەوە بووە هۆی راوەدونان و چاودێری کردنی لەلایەن پیاوانی پۆلیسەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە، بەردەوام بوو لە پەیوەندیکردنی بە شۆڕشگێڕانەوە و لە تەمەنی پانزە ساڵیدا چووە ناو پارتی بۆلشەفیکەوە و ناسنامەی پارتی پێدرا بە ناوێکی نهێنییەوە کە ئەویش (هاوڕێ قوستەنتین)بوو. پاشان بەدوای یەکدا لە ساڵانی ١٩٠٨ و ١٩٠٩ دەستگیرکرا و ئازادکرا، دواتر هەر لە ساڵی ١٩٠٩ جارێکی تر بە تۆمەتێك کە رووبەڕووی خێزانەکەی کرایەوە، سەبارەت بە سازدانی راکردنی هەندێك ژنی زیندانی سیاسی، دەستگیر کرایەوە.

ماوەی پێنج مانگی لە ژووری تەنیایدا لە زیندانی بۆتیرسکایا بە خوێندنەوەی کارە ئەدەبییەکانی بایرۆن و شکسپیر و زەبەلاحەکانی ئەدەبی روسیی لە نمونەی پۆشکین و دۆستۆفیسکی و تۆلستۆی بەسەر برد و خەونی بەوەوە دەبینی کە وەك ئەوان داهێنەر بێت لە بواری ئەدەب و

هۆنراوەدا، هەرچەندە لەو کاتەدا ئەو ڕێگایە ڕۆشن نەبوو لەبەردەمیدا، بەڵام ئەو خەونە بەتوندی داگیری کردبوو.

پاشان دەنگۆی دوورخستنەوەی بۆ ناوچەی ئاریمسکی(مەنفا نو) بۆ ماوەی سێ ساڵ هاتە ئاراوە، بەڵام بەهۆی کۆششە گەورەکانی دایکییەوە لەپێناو ئازاد کردنیدا، ئەو هەوڵە سەرینەگرت و لە ساڵی ١٩١٠ و بەهۆی تەواو نەکردنی تەمەنی یاساییەوە ئازادکرا.

دوای بەربوونی لە زیندان، خۆی لە بەردەم دوو ڕێگادا بینییەوە، یان ڕێگای شۆڕشگێڕێکی کارامە هەڵبژێرێت و ژیانی بە شاراوەیی و لەژێر ناوی جیاجیا و گواستنەوە لەم جێگا بۆ ئەو جێگا بەپێی پێویستی بارودۆخی کاری نهێنی بەسەربەرێت، یان ڕێگای هۆنراوە نووسین هەڵبژێرێت و بەهۆیەوە حەز و ئاواتە شۆڕشگێڕییەکانی بەدەست بهێنێت ، کە لەمبارەیەوە دەڵێت: (گەر لە حیزبدا بمێنمەوە دەبێت خۆم بشارمەوە، خۆشاردنەوەش واتا فێرنەبوون.... بۆیە دەستم لەکاری حیزبی هەڵگرت و رووم‌کردە خوێندن).

لەئەنجامدا مایاکۆڤسکی ریزەکانی حیزبی بەجێهێشت و لە ساڵی ١٩١١ روویکردە خوێندنگای وێنەکێشان و

پەیکەرتاشی و هونەری بیناکاری و لەوێ چاویکەوت بە دایڤد بۆرلیۆك، کە لە شوێنکەوتووانی تازەگەری هونەری بوو و لەرێی ئەوەوە پەیوەندی کرد بە کۆمەڵەی ئاییندەخوازە سێجاکان(رێچکەیەکی نوێی وێنەکێشانە کە شوێنکەوتووانی وێنەیان بە شێوازێکی ئەندازەیی دەکێشا: و) ، کە شوێنکەوتووی وێنەکێش و شاعیریان زۆربوو. لێرەوە مایاکۆڤسکی دەستیکرد بە وێنەکێشان و شێوازی گواستنەوە و گێڕانەوەی باو لە وێنەکێشاندا هیچ سەرنجی ئەوی رانەکێشا، بۆیە دەستیکرد بە بانگەشەی پێویستیی داهێنان و رزگاربوون لە چاولێکەری و لەسەر ئەم شێوازی وێنەکێشانە بەدەوام بوو، تا دووای ماوەیەك روویکردە نووسینی هۆنراوە و یەکەمین هۆنراوەکانی بە ئاڕاستەی ئایندەخوازان نووسی و هەرچەند لەوکاتەشدا هەر شێوازی تایبەتی نووسینی خۆی هەبوو لە نێوانیاندا.

یەکەمین هۆنراوەکانی خۆی وەك (شەو) و (رۆژ) لە کۆمەڵە هۆنراوەکانی ئایندەخوازاندا لە ساڵی ١٩١٢بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی(زللەیەك لە حەزی گشتی). لە ژیانی داهێنەرانەی ئەدەبیی خۆشیدا، دەگەڕا

بەشوێن شێوازی هونەری نوێدا بۆ هۆنراوە نووسین، کە دەیویست بەیتی شیعری بشکێنێ و قافییەی بازنەیی دروست بکات و دەربڕین و وشەی نوێ بێنێتە ناو هۆنراوەوە.

بۆرلیۆکیش کاریگەری دیاری هەبوو بەسەرییەوە، کە بەباشترین شێوە نرخی لێنا و پێی دەگوت ئەو جاکی لەندەنە و تازەیە لە ژیانی ئەدەبیماندا، کە ئەم وتەیە بووە هۆی متمانەیەکی زیاتر بەخۆی و بە داهاتووی شیعریی. بەڵام نەیتوانی لەگەڵ ئایندەخوازەکاندا بگونجێت و لە شوێنی فیکری تردا خۆی دۆزییەوە، چونکە ئایندەخوازەکان دژی ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕیی بوون لە هونەردا و مافی تەواویان نەدەدا بە کەلەپوری کلاسیکی. کە باوەڕیان وابوو دەبێت نووسەرانی وەك تۆلستۆی و دۆستۆیفسکی لە کەشتی نوێخوازەکان فڕێبدرێنە خوارەوە، لە کاتێکدا ئەو سەرسام بوو بە ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەیەم و تێبینی دەکەین هەر لە سەرەتای ژیانی ئەدەبییەوە کەوتبووە ژێر کاریگەری شاعیری شۆڕشگێڕی روسی نیکراسۆڤ و بەتایبەت لە وێناکردنی گەورە شاری سەردەمیانەدا.

ئایندەخوازەکان پێیانوابوو کە ڕەنگ و هێڵ و وشەکان دەبێت جێی گرنگی پێدانی هونەرمەند بێت و دەبێت خۆی لە ناوەڕۆك رزگاربکات، بەپێچەوانەوە دەچێتە ژێرباری ئەو مانایەوە کە وشەکە دەیگرێتەوە، بەڕای ئەوان وشە پێکهاتووە لە دەنگی هۆگری پێکەوە گونجاو، کە دەربڕی پاڵنەری هەست و سۆزە و زیاتر لەژێر کاریگەری مۆسیقادایە وەك لە قسەی ئاسایی، لەکاتێکدا مایاکۆڤسکی باوەڕی بە هونەری پاك و بێگەرد هەبوو ، نەوەك هۆنراوەی پڕوپوچ، کە ئەویش شوێنکەوتە و پشتیوانی هەیە.

لە ساڵی ١٩١٥ دەبوایە مایاکۆڤسکی خزمەتی سەپێنراوی سەربازی بەجێ بهێنایە، بۆیە لەجیاتی ناردنی بۆ هێڵی پێشەوەی جەنگ، نێردرا بۆ کارکردن لە خوێندنگای ئۆتۆمبێلی سەربازی. لەلایەکی ترەوە زۆربەی ڕۆژنامەکان هەرایەکی بەرفراوانیان وروژاند لەسەر هەڵگیرساندنی جەنگ، کە مەبەست لێی خرۆشاندنی پەرۆشیی خەڵك بوو، بەوپێیەی کە کاربکات لەسەر بەهێزکردنی دەسەڵاتی قەیسەری، جگە لەوەی کە ڕۆژنامە

چەپڕەوەکان لەدژی وەستانەوە و رایانگەیاند کە هیچ بەرجەستەبونێکی جوامێری و ئازایەتی تێدا نییە، بگرە بە جەنگێکی داگیرکاری لەقەڵەمیاندا، کە ئامانجەکەی دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەی دەسەڵاتە لە نێوان دەوڵەتە داگیرکارییەکاندا.

مایاکۆڤسکی لەدژی جەنگی جیهانی یەکەم وەستایەوە و کارەساتەکانی ئەو جەنگە وایانلێکرد کە رابمێنێ بەدیار ئەو نەگبەتییەی کە مرۆڤایەتی تیایدا دەژیا، ئیدی گەلێك هۆنراوە و وتاری نووسی، لەوانە (جەنگ راگەیەندرا) کە باسی لە بەفری سوور و دەنگی تۆپەکان دەکرد و بەڕای ئەو جەنگ واتا تراژیدیای سەردەم، هەروەها وتارێکی لە بەشی ئەدەبیی رۆژنامەی (نۆڤ) بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (هورا ..لە ماتەمینیدا) و لە هۆنراوەی ( دایکم و ئەو ئێوارەیەی کە ئەڵمانەکان کووشتیان)، کە لە وێناکردنی جەنگدا دەڵێت:

لە شەقامە رەشەکاندا، دایکانی سپی
بە گرژی کەوتبوونە سەرچۆك هەروەك ئەوەی سەیری
دارەمەیت بکەن

دەگرین بەسەر  ئەوانەی کە هاوار دەکەن بەسەر لاشەی
دوژمندا
ئاخ، دایانخست، دایانخست چاوی رۆژنامەکان
نامە .
دایکم بەهێزترە
دووکەڵ
دووکەڵ
دیسان دووکەڵ
دایکە چی لەبەر خۆتەوە دەڵێت؟
-دەبینی
هەواکە تەنراوە
بە بەردە پەڕیوەکانی دەم تۆپەکان
ئێستا ئێوارە بریندارەکەیان راکێشا

هەستێك زۆری لە مایاکۆڤسکی کرد،کە ئەویش پێویستیی تازەگەریی بوو لە شیعری ئەو دەمەدا، کە سەراپا گرژی و ئالۆزی داپۆشی بوو و لەوێوە دەتوانێت کەشەکە بگوێزێتەوە بۆ کەشێکی باشتر. هەروەها لە

وتارێكدا لەژێر ناونیشانی (بەبێ ئالای سپی) دەڵێت: ئێمە پێویستمان بە وشەیەك هەیە بۆ ژیان، هەموو سەردەمێك شێوازێكی ئەدەبی هەیە، ژیان بانگهێشتمان دەكات بۆ تێكۆشان لەپێناو وشەی نوێ بۆ روسیا،ئێستا ژیانی شارە تەنگەژاوییەكان گەشەیكردووە و پێویستی بە وشەی خێرا و كورت هەیە، بەڵام تائێستاش لە جبەخانەی ئەدەبیاتی روسیدا، گوندەكەی ژێر دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی تۆرگنێڤ بوونی هەیە.

لە زۆربەی ئەو وتارانەی كە دەینووسی، جەختی لەسەر پێویستی بەدواداچوونی پەیوەندی پتەوی نێوان هونەر و ژیان دەكردەوە، ئەم هەڵوەستەیەش نامۆ بوو لەلای ئایندەخوازەكان و لە دەرەوەی چوارچێوەی بیرۆكەكانیان بوو، جگە لەوەی لەو ماوەیەدا تێڕوانینە فیكرییەكانی، ئاشكراییەكی تەواویان پێوە دیار نەبوو، لە ماوەیەكدا كە تیایدا كەسایەتی ئەدەبی ئەو گەشەیدەكرد، بۆیە هەندێك جار بیرۆكەكانی جیاواز و ناڕوون بوون. سەرەڕای ئەوەی كە جەختی لەسەر گرنگی دەربڕینی هونەر دەكردەوە لە ژیاندا، بەڵام هەندێكجار بەتەنها وشەی بە ئامانجی شاعیر دادەنا و

هەندێکجاری تریش بەناوی ئایندەخوازەکانەوە قسەیدەکرد و دەیوت: بەرهەڵستی ژیان بکەن، ئیدی ئێمە بەهێزین و یارمەتیتان دەدەین، ئێمەین کە ڕێگامان بۆ هۆنراوەی نوێ کردەوە و رامانگەیاند: وشە- خۆی بۆخۆی ئامانجە. بەڵام ئەم جیاوازییە لە تێگەیشتنە ئەدەبییەکانیدا زۆری نەخایاند، کە تیۆەگلانی بە تێکشکاندنی عەروزی شیعری کلاسیکی و سەرقاڵبوونی بە ڕێکخستنی قافیەوە، وایلێکرد کە بۆ ساتێك دوورکەوێتەوە لە لایەنەکانی تری ژیان، بەڵام هەر زوو ئەو دۆخەی تێپەڕاند و تینوێتی بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی باشتر و داهاتوویەکی گەشەدار بەرەو بیرکردنەوەی بەردەوام و بەخۆداچوونەوەی لە کاری هونەریدا برد و (ز. بابیرنی) لە کتێبە مۆرکراوەکەیدا(لێزانیی مایاکۆڤسکی) دەڵێت: یەکەمین هۆنراوەکانی بریتین لە هاواری ئازار و بێ ئومێدی و نەفرەت، بەهۆی دووڕوویی و ناخ پیسی کۆمەڵگای هاوچەرخەوە و سۆز بۆ تاقە وشەیەکی ناسك! ئەو چاوەڕوانییە بەردەوامەش بۆ دەرکەوتنی مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە.

بەڵێ..مایاکۆڤسکی خەونی بەوەوە دەبینی کە خۆشەویستی و سۆز و برایەتی باڵ بکێشێ بەسەر پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا و لە یەکێك لە یەکەمین هۆنراوەکانیدا دەریدەبڕێت و دەڵێت:

گەر تەنها سەری پەنجەکانم بەر سەرتان بکەوێت

لەلای ئێوە

لێوی وا دەردەکەوێت

بۆ ماچی مەزن

و زمانێکی

تێگەیشتوو لەلای گشت میللەتێك.

هۆنراوەی (گوێبگرن) کە لە ساڵی ١٩١٤ نووسیبووی، باس لە سوتانی مرۆڤ دەکات بە چەپکێك تیشك کە دەکشێت بەسەر تاریکی ژیانە سەختەکەیدا، چونکە ئەستێرەی گەش، هیوا و باوەڕبەخۆبوونمان پێدەبەخشێت و لەناخەوە ئاراممان دەکاتەوە، ئەم بیروباوەڕەش سەرنجی شاعیران و خوێنەرانی بۆلای خۆی راکێشا. هەر لەو هۆنراوەیەدا و لەلایەکی ترەوە دەڵێت:

گوێبگرن

ئەگەر ئەستێرە داگیرسا

مانای وایە کە یەکێك پێویستی پێیەتی؟

مانای وایە کە یەکێك پێویستی بەبوونی دەبێت؟

مانای وایە کە یەکێك ئەو تفکردنانە بە مرواری ناو

ئەبات

خۆی ئەدڕێت

ئەو

لە گەردەلولی تەپوتۆزی چێشتەناودا

شیدەبێتەوە

بەرەو خوا دەڕوات

لە ترسی ئەوەی

بەگریانەوە دوا بکەوێت

دەستە ئارەقاوییەکانی ماچدەکات

هاواری بۆ دەبات

بە پێویستیی بوونی ئەستێرە

سوێند دەخوات

کە بەبێ ئەستێرە ئەو ئازارە نەچێژێ.

زۆر بوێر بوو لە ڕووبەڕووبوونەوە و تۆمەتبارکردنی خۆشگوزەرانەکاندا (دەوڵەمەندەکان)، ئەو کەسانەی کە نوقوم بووبوون لە ڕابواردنەکانیاندا، کە لە ساڵی ١٩١٥ لە شاری بترۆگراد هۆنراوەیەکی نووسی بەناونیشانی (بۆئێوە) و لەبەردەم خەڵکانێکی زۆردا پێشکەشیکرد، کە دوور بوون لەو نەگبەتییانەی جەنگ کە وڵاتی گرتبۆوە و تیایدا دەڵێت:

ئایا خەڵکینە دەزانن

ئەوانەی کە بیر لە خواردنە پەسەندەکانتان دەکەنەوە

لەوانەیە ئێستا تەقەمەنییەك

قاچی مولازم بترۆفی پەڕاندبێت؟

ئاخ ئەگەر لەناکاو ببینێت

لەکاتێکدا کە بریندارە و دەبرێت بەرەو قەسابخانە

دەمە گۆشتاوییەکانتان

بە تاسەوە گۆرانییەکانی سیڤریانین دەڵێنەوە.

کە ئەم هۆنراوەیە بوو بە مایەی سەرسامبوونی ئامادەبووان و هەندێك ژن هیستیریانە دەیانقیژاند، کە

مایاکۆڤسکی پەشۆکاند و رەنگی تێکچوو، بەڵام بەردەوام بوو لەسەر جگەرە کێشان و بە هێمنی لێی دەڕوانین.

دووای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، زۆرێك لە هۆنراوەی تەرخانکراوی بۆ ئەو رووداوە گەورەیە لە مێژووی وڵاتدا رێکخست و هۆنراوەی (سرودی چەپ) کە بۆ ئەو کەشتیوانانەی وتبوو، کە لە ساڵی ١٩١٨ بەرەو هێڵی پێشەوەی جەنگ دەچوون ، بە بەناوبانگترین هۆنراوەکانی دادەنرێن و لەڕاستیدا بووە سروودێکی هەست بزوێن و جەنگاوەرەکان لە هێڵەکانی جەنگدا دەیانووتەوە، هەروەها هۆنراوەکە باس لە بانگەشەیەکی بەهێز دەکات بۆ لێدانی سیستەمی دارِماو و هەڵگرتنی چەك بەڕووی چەوسێنەراندا و دەڵێت: بەسیەتی گوزەران بەپێی یاسا و رێساکانی ئادەم و حەوا.

ریتمی سەربازیی گرژی هۆنراوەکە دەگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا و بەبەردەوامی فەرمانی سەرکردەکەمان گوێ لێدەبێتەوە ( بۆلای چەپ ، بۆلای چەپ، بۆلای چەپ)، هەروەها سرووشتی وتارە بزوێنەرەکەی باڵدەکێشێت بەسەر دۆخەکەدا، کە لێرەدا بۆ قسە نییە بەڵکو بۆ چەکە.

مایاکۆڤسکی بەتەنها کارەکانی لە هۆنراوە نووسیندا کۆنەدەبۆوە، بەڵکو بۆ ماوەیەك لە ئاژانسی هەواڵی روسیدا کە ئێستا بە (تاس) ناسراوە، کاریدەکرد، کە لەگەڵ یەکێك لە وێنەکێشەکاندا وێنەی دروشمەکانیان دەکێشا و پاشان کۆپلەی شیعریی لەسەر دەنووسی و لە زۆربەی شارەکاندا بڵاودەکرایەوە، کە گشت ئەم کارانەی لە کۆکراوەیەکدا بەناوی (کۆی دووەمین نووسینەکانم) کۆکردەوە، پاشان لە ساڵی **١٩٢٩**لە کتێبێکدا بەناوی(پێکەنینی ترسناك) بەچاپی گەیاند.

ماوەی کارکردنی لەو ئاژانسەدا، کاریگەری لەسەر شێوازی نووسینی بەجێهێشت، کە دەستی راهات لەسەر نووسینی روون و ئاشکرا بەجۆرێك گشت کەسێك لێی تێبگات.

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ناوخۆیی، دەستی کرد بە نووسین و کارکردن لە زۆرێك لە رۆژنامەکاندا، بەتایبەت رۆژنامەی گەنجان(کۆمسکۆ مۆلسکایا براڤدا)، بەجۆرێك کە هۆنراوەکانی لە رۆژنامەکانی براڤدا و ئەزڤستیادا لەگەڵ هەواڵە گەرمەکانی رۆژدا دەگەیشتە دەستی خوێنەر،

هەرچی لە ڕۆژنامەی کۆمسکۆ مۆلسکایا براڤدادایە، وەك سەرپەرشتیاری چاپی ڕۆژانە و خوێندنەوەی نامەی خوێنەران کاریدەکرد و بەشداری گفتوگۆکانی سەبارەت بە بابەتە جیاوازەکانی ئەدەب و سیاسەت و بینای سۆشیالیستی و ...تاد دەکرد. هەروەها بەشێوەیەکی تایبەت حەزی بە کارکردن دەکرد لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسە گەنجانەدا کە توانا و وزەیەکی زۆریان تێدابوو و چالاکانە کاریان دەکرد و سنووری بیرکردنەوەیان نەبوو. لەلایەکی ترەوە دووچاری گەلێك هێرشی ڕەخنەگران و ڕۆژنامەنوسان بۆوە بە پاساوی ئاڵۆزی و نادیاریی شێوازی نووسینی یان بێئاگایی لە ناوەڕۆکی ئەرکە شۆڕشگێڕییەکان، بەڵام لەو ڕۆژنامەیەدا و لەنێوان سەرپەرشتیارانیدا هەستی بە ئاسوودەیی و دڵخۆشی دەکرد، لەبەرئەوەی زۆربەیان خۆشیاندەویست، تەنانەت لەکاتی ڕەخنە لێگرتنیشیاندا زۆر بە دڵفراوانی وەریدەگرت، چونکە دەیزانی کە نیەتێکی خراپ لەپشتییەوە نیە و جارێکیش یەکێکیان بەرهەڵستیکرد لەسەر خوێندنەوەی کۆپلە شیعرێك، کە دەڵێت:

هەموومان

بە هەناسەکانی

گەردەلوولی ئۆکتۆبەر دەژین.

کە لەسەر وشەی هەناسەکان رەخنەی لێگرت، بەوپێیەی لەگەڵ گەردەلوولدا ناگونجێت، پاشان لەدوای ساتێك تێڕامانی مایاکۆڤسکی، وەڵامی دایەوە کە لەڕاستیدا دەبووایە وشەیەکی بەهێزترم بەکاربهێنایە و دوای تۆزێك بەم شێوەیە کۆپلەکەی تری خوێندەوە:

هەمووومان

بە فەرمانی

ویستی ئۆکتۆبەر دەژین.

ئیدی لەوەبەدوا، بەشێوەیەکی بەرفراوان وشەی بەکارهێنراوی نێوان خەڵکی لە نووسینەکانیدا بەکاردەهێنا و کاری رۆژنامەنووسیش زۆر یارمەتیدەری بوو لە گەشەپێدانی ئەو لایەنەی هۆنراوەکانیدا. هەروەها لەپێشیشدا پۆشکین و زۆرێك لە شاعیرانی روسیا قسەی

ڕۆژانەیان بەکاردەهێنا، بەڵام مایاکۆڤسکی چوارچێوە و ناوەڕۆکی نوێی بەخشییە هۆنراوەکانی، هەروەك لە هۆنراوەی (وتوویژ لەگەڵ پشکنەری فینلەندی لەبارەی هۆنراوەوە) بابەتی هۆنراوە و شوێنی شاعیری سۆڤێتی لە سیستەمی نوێدا دەخاتە بەرباس و دەڵێت:

هەی هاووڵاتی پشکنەری فنلەندی

داوای لێبووردن دەکەم لە بێزارکردنت

سوپاس..

دوودڵ مەبە

من لای خۆمەوە

وەستاوم

بابەتێکی خاوەن سروشتێکی ناسکم هەیە

لەبارەی شوێنی

شاعیر

لە سیستەمی کرێکاریدا.

پاشان لەو هۆنراوەیەدا پرسیارێك دەکات کە دەمێك بوو لە دڵیدا بوو، ئەویش ڕۆڵی شاعیر لە کۆمەڵگای نوێدا،

که لەپاڵ میللەتدا دەیبینێت، چونکە هۆنراوە بەتەنها ختوکەی هەست و سۆزی خەڵك نادات، بەڵکو ئەوە ویستی تێکۆشانێکی چالاکیشە و لەوبارەیەوە دەڵێت:

قافیەی شاعیر:
گاڵتە لەگەڵ کردن و
دروشم و
سەرە ڕم و
قامچییە.

لە ساڵی ١٩٢٦ کەسێکی دبلۆماسیی روسی بەناوی(نیتە) کوژرا، لەکاتێکدا کە بەرگری لە جانتا دبلۆماسییەکەی دەکرد، کە رەتیکردبۆوە ئەو بەڵگەنامە نهێنییانەی تیایدایە بیداتە دەست دوژمنەکانی، لەگەڵ (ماکسماستاڵی) هاوڕێیدا لەناو شەمەندەفەردا و لەلایەن هەندێك چەکداری دەمامکدارەوە هێرش کرایە سەریان و سیۆدۆد نیتە کوژرا و هاوڕێکەشی بریندار کرا. ئەم هەواڵە رای گشتیی خرۆشاند و گشت لایەك نارەزایی خۆیان لەسەر ئەو رووداوە دەربڕی، بەڵام مایاکۆفسکی سەرقاڵبوو بە

نووسینی هۆنراوەیەك لەبارەی (سێرگی یسنین)ەوە و لەناکاو لە یەکێك لە بەندەرەکاندا کەشتییەکی بەدیکرد کە ناوی سیۆدۆر نیتەی لەسەرە و دڵگرانبوو بە کوشتنەکەی، چونکە لەنزیکەوە دەیناسی و چەندجارێکی زۆر چاوی پێیکەوتبوو. لە دوای بینینی ناوی نیتە لەسەر کەشتییەکە، هۆنراوەیەکی نووسی لەژێر ناوی(هاوڕێ نیتە کەشتی و مرۆڤ)، کە لە هۆنراوەکەدا باسی لە یادەوەرییەکانی خۆی دەکرد لەسەر نیتە و تێکەڵی کردبوو بە تێڕامانەکانی لە ژیان و مردن ونەمری، کە کارەساتە جوامێرییەکان بۆ مرۆڤی دەخولڨێنن، پاشان گیانی نیتە دێنێت و بە زیندوویی وێنای دەکات لەکاتی چا خواردن و قسەکردن و گفتوگۆ و نووستنی لە بەرەبەیاندا، هەرچەند لە ژیانیدا کارێکی بێ وێنە و نائاسایی نییە، بەڵام دەبێتە کەسێکی جوامێر لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگەژەدا، ئەو تەنگەژەیەی کە تێیکەوت و پاشان زۆر قارەمانانە قوربانی بە ژیانی خۆیدەدات لەپێناو بەجێهێنانی ئەرکەکەیدا و بە ئازایەتی و بوێرییەکەی بووە نمونەیەکی ئیلهامبەخش بۆ

کەسانی تر، لەدواییشدا شاعیر ئاواتەخوازە وەك ئەو بمرێت و دەڵێت:

هەر دەژیم و دەژیم

بەنێو ساڵە خێراکاندا

بەڵام لە کۆتاییدا دەمەوێت،

_کە هیچ ئاواتێکی ترم نیە_

لەکاتی مردنم

بەتەواوی

وەك مردنی

هاورێ نیتە بمرم

لە هۆنراوەی (هۆنراوەکان لەبارەی پاسپۆرتی سۆڤیێتییەوە)کە لە ساڵی ١٩٢٩ و لەدوای گەڕانەوەی لە دەرەوە نووسی، گاڵتە بە پۆلیسی سەرسنوور و یەکێك لە فەرمانبەرەکانی ئەوێ دەکات ، کاتێك ترسیان لێنیشت بە بینینی پاسپۆرتی سووری سۆڤیێتی، ئەوان بەرێزەوە پاسپۆرتی ئەمریکییەك و ئینگلیزێك سەیر دەکەن و پاسپۆرتی کەسێکی پۆڵۆنیش بە قێزەوە وەردەگرن و لەکاتی بینینی پاسپۆرتی مایاکۆفسکیشدا ترسیان لێدەنیشێت:

لەناکاو

هەروەك ئەوەی

ئازارێك

لە مێشكیدا

بینوشتێنێتەوە

لەبەرئەوەی

ئەو فەرمانبەرە بەڕێزە

پاسپۆرتە سوورەکەم دەبات

دەیگرێت بەدەستییەوە

وەك تەقینەوەیەك دەیگرێت

وەك ژیشكێك

وەك گوێزانێكی

تیژ

دەیگرێت بەدەستییەوە

وەك مارێكی زەنگدار

کە بیست دەرزی پێوەبێت

و درێژییەکەشی دوو مەتر بێت.

ئەو ترسەی لەو دوو کەسە دەنیشێت نمونەیە بۆ ئەو ترس و لەرزە گشتگیرەی کە گشت وڵاتە سەرمایەدارەکانی گرتبۆوە بە دروستکردنی دەوڵەتی سۆشیالیستی لە روسیادا.

رەنگی سور و داس و چەکوشەکەی سەر بەرگی پاسپۆرتەکە، نیشانەی ترسی دیاری لەسەر روخساریان دەکێشا، بەڵام شاعیر، رووبەڕوویان دەبێتەوە بە خۆشەویستی بۆ نیشتمانەکەی و سەربەرزییەوە بەوەی یەکێکە لە (هاووڵاتیانی کۆماری سۆڤێتی).

مایاکۆڤسکی بەتەنها ئەو سیستەمە نوێیەی وڵاتەکەی بەرزنەدەنرخاند و بەشداری بکات لە پتەوکردن و بەهێزکردنی لایەنەکانیدا، بەڵکو رەخنەی لە لایەنە سلبییەکانیشی دەگرت، کە تیایدا بەرەو سەرهەڵدان دەچوو وەك بیرۆکراتیەت و زۆربونی کۆبونەوەکان کە خەڵکی لە کارەکانیان دووردەخستەوە، لە هۆنراوەی (کۆبووەوەکان) باسی دۆخی فەرمانگەکان دەکات بەجۆرێك زۆربەی فەرمانبەرەکان لەشوێنی خۆیان نین و سەرقاڵن بەکۆبوونەوەوە و شاعیر ئاواتەخوازە سنوورێك بۆ ئەو

دیاردەیە دابنرێت، کە خەریکە بە شێوەیەکی سلبی کاردەکاتە سەر کارکردن و دەڵێت:

بەیانی زوو هەڵدەستم بە ئاواتی ئەوەی
ئاخ ئەگەر
تەنها یەك کۆبوونەوە
ببەسترێت
بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی گشت
کۆبوونەوەکان.

مایاکۆڤسکی گەلێك گەشتیکرد بۆ دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت، لەوانە ئەمریکا و فەرەنسا و ئیسپانیا و زنجیرەیەك هۆنراوەی ئامادەکرد لەبارەی تێگەیشتنی سرووشتی ژیانی ئەمریکا و ئەوروپا و تێبینی ئەوەش دەکرێت کە شاعیر بەو رواڵەتە بریقەدارەی پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە هەڵنەخڵەتا، کە دەبووە مایەی ئەبڵەقبوونی میوان و گەشتیارەکانی و ئەو چەواشەکاری و چەوساندنەوەیەی ئاشکراکرد کە لەپشت ئەم شارستانیەتەوە خۆی مەڵاسداوە. سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا جێ سەرنجی رۆشنبیرەکانی روسیا بوو، لەبەر

بوونی ئازادی بیر و پێشکەوتنی تەکنیکی و کۆمەڵایەتی، گەلێك لەو رۆشنبیرانەی سەردانیان کردبوو، سەرسامبوون بە زاڵبوونی هێزی پارە بەسەریدا و نامۆ نیە کە (مەکسیم گۆرکی) بە وڵاتی شەیتانە زەردەکە ناوی بنێت، کە مەبەستی ئەو زێڕە زۆرە بوو کە بە تەواوی باڵی بەسەر شادەمارەکانی وڵاتدا گرتبوو.

هەروەها مایاکۆڤسکی سەردانی هەندێك شاری ئەمریکای کرد، لەوانە نیویۆرك، دیترۆیت و شیکاگۆ و یەکەم خاڵ کە سەرنجی راکێشا جیاکاری چینایەتی بوو، کە لەوبارەوە دەڵێت: ئەمریکییەکان جیاوازن، تیایاندایە لە چینی کرێکارە و تیاشیاندایە لە چینی دەرەبەگایەتییە . هەروەها لەسەر ئەو ژیانە دژوارەی ئەمریکاش دەڵێت:

لێرە

ژیان

بۆ هەندێکیان تەنها حەوانەوەیە

بۆ هەندێکی تریش

هاواری بەردەوامی برسێتییە.

ئەو جیاکاری و ڕەگەزپەرستییە باوەی کە لەگەڵ پێشکەوتنە پیشەسازییەکەی ئەمریکادا نەدەگونجا، کاریگەری بەئازاری لەسەر مایاکۆڤسکی بەجێهێشتبوو، بەجۆرێك بە گاڵتەپێکردنەوە دەڵێت: گەر پۆشکین لەژیاندا بووایە ڕێگەی پێنەدەدرا بچێتە شوێنە ئاست بەرزەکانەوە چونکە هۆنراوەکانی گرژە. هەروەها هۆنراوەیەکی نووسی کە ناونیشانەکەی بە زمانی ئینگلیزی بوو بە ناوی(بلاك ئاند وایت) واتا ڕەش و سپی، تیایدا ئەو جیاوازی چینایەتی و جیاکاری ڕەگەزپەرستییە بەیاندەکات کە گشت دەوڵەتەکانی دوورگەی ئەمریکای گرتبۆوە.

هاڤانالیست وڵاتی جوانی و خۆشی و سەما و گۆرانییە، هەر وەك چۆن پادشایانی شەکر(بازرگانانی شەکر نو) وێنای دەکەن، کەسایەتی ڕەشپێستیش کە ژیانێکی پڕ لە تێکۆشان و چەوساوە دەبینێت، ڕووی تاریکی ئەو ژیانەمان بۆ دەردەخات، بۆیە شاعیر هەست بە ستەم دەکات و دەڵێت: بۆچی شەکری سپی دەبێت ڕەشپێستێك دروستی بکات.

هەمیشە لە گفتوگۆکانی لەگەڵ خەڵك و رۆشنبیر و لە رۆژنامەکاندا رووی دووەمی ئەمریکای دەخستەڕوو و لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (نیویۆرك ۆرلد)دا کە لە رۆژنامەی (کۆمار)ی عێراقیش بڵاوکرابۆوە لەبارەی ئەمریکاوە دەڵێت: ئەمریکا هەنگاوێکی گەورەی ناوە لە بواری پێشکەوتندا و رووی ماددی ئەم پارچەیەی جیهانی گۆڕیوە، بەڵام دانیشتوانی ئەمریکا لەم پێشکەوتنە دواکەوتوون، ئەوان خاو و خلیچکن، لە چوارچێوەی رابردوویەکی لەگۆڕنراودا دەژین، دانیشتووانی نیویۆرك بە رۆح لادێیین، عەقڵیان نەیتوانیوە بە تەواوەتی گرنگیی سەدەی پیشەسازی وەربگرێت. شەمەندەفەری ژێرزەوی و تەلەفۆن و وێستگەی پەخش و شێوازی جۆراوجۆری تەکنیکی سەرسوڕهێنەریان هەیە، بەڵام جارێکیان چوومە سینەما و بینەرێکی زۆرم بینی بەچێژ و خۆشییەوە سەیری فیلمێکی پڕوپوچیان دەکرد، فیلمێك لەبارەی چیرۆکێکی خۆشەویستییەوە دەدوا، کە ئەو فیلمە گەر لە کوێرە دێیەکی روسیای نوێدا نمایشبکرایە ، خەڵکەکە فیکەیان بۆ لێدەدا...ئایا ئەو هەموو ئۆتۆمبیلە کەشخەیە چ شتێکی

نوێ پێشکەش بە عەقڵییەتی ئەمریکییەکان دەکات؟ لەوەدەچێ زانست و راستیی سەدەی تەکنەلۆجی موڵکی ئێوە نەبێت.

لە ئەنجامی ئەو گەشتانەیدا توانی رای گشتی ئەمریکییەکان لەبارەی بەدەستهێنانەکانی رۆشنگەری سۆڤێتەوە بزانێت و یەکێك لە رۆژنامەکان لەبارەی خەڵکە گوێگرەکانییەوە دەڵێت: ئەوان هەناسە هەڵدەکێشن لەچاوەڕوانی پارچە هۆنراوەکانی سۆڤێتی نوێدا. هەروەها بەهۆی کەسایەتی و رۆشنبیری و بوێری لە وتارخوێندنەوەدا، توانی کاریگەرییەکی بەهێز بەجێبهێڵێت لە دەروونی ئەمریکییەکاندا.

پاشان لەسەر کەشتی( رۆشامبۆ) کە دەیگواستەوە، دوا سەرنجەکانی خۆی لەسەر ژیانی ئەمریکییەکان تۆمارکرد، کاتێك بینی گەشتیارە ئەمریکییە دەوڵەمەندەکان ئەوانەی لەکاتی لەنگەری کەشتییەکەدا لە مینای هاڤەر وردە پارەی ئاسن هەڵدەدەن بۆ ئەو منداڵە هەژارانەی کە لە میناکەدا کۆبوونەتەوە و ئەوانیش پاڵ بەیەکەوە دەنێن بۆ بەدەستهێنانی ئەو پارە ئاسنانە و گەشتیارە

ئەمریکییەکانیش چاوی کامێراکانیان دەخەنەسەر و وێنەی ئەو دیمەنە گاڵتەئامێزە دەگرن وپێدەکەنن!

هەروەها لەدوای دەرکردنی لە ئیسپانیا و فەرەنسا گەلێك هۆنراوەی نووسی و لە هۆنراوەیەکدا بەناوی (ژنی پاریسی) پەردە لەسەر سروشتی ژیانی ئەو شارە هەڵدەماڵێت و دەڵێت:

زۆر
ئەستەمە
ژیانی ژن
لە پاریس
چونکە ژن
خۆی نەفرۆشتووە
بەڵکو ئیش دەکات

سەرنجی شاعیر لەسەر کەموکوڕی و نەنگییەکانی شارستانیەتی رۆژئاوا مانای بەکەمزانینی دەستکەوتە زانستی و پیشەسازییە مەزنەکان ناگەیەنێت، ئیدی لە هۆنراوەیەکدا بەناوی (بۆ گەنجەکانمان) داوا دەکات

گەنجەکانمان سوود لە گشت داهێنان و دەستکەوتەکانی شارستانیەتی جیهانی وەربگرن و دەڵێت:

بڕواننە ژیان

بەبێ چاویلکە و چاوبەست

بەچاوێکی تینووەوە

گشت شتێکی باش

لەسەر زەوییەکەتان و ڕۆژئاوا

وەربگرن.

نزیکەی شەش مانگی لە گەشتەکەیدا لەدەرەوەی وڵات بەسەربرد و دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ گەڕایەوە روسیا و لەدوای گەڕانەوەی هاندەرێکی باشی بۆ چالاکییەکانی دۆزیبۆوە. پاشان لەو ماوەیەدا بڕیاری لیژنەی مەرکەزی حیزب دەرچوو لەبارەی (سیاسەتی حیزب لەبواری ئەدەبدا) و تیایدا ڕێگە درا بە سەربەستیی کۆبونەوە ئەدەبیەکانی ئەوکاتە، بۆیە مایاکۆڤسکی بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو بڕیارە کرد، بەوپێیەی سنورێك بۆ دەمەقاڵێ و تانەتێگرتن و تاوانبارکردن لەنێوان کوتلە ئەدەبیە جیاجیاکاندا دادەنێت

و دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێت بەو بڕیارە و لە یەکێك لە کۆبوونەوەکاندا دەڵێت: باش دەزانن کە بوونی بڕیاری لیژنەی مەرکەزی حیزب سەبارەت بە کێشە ئەدەبییەکان، کە کۆکردنەوەی کوتلەکانە و بواردەدا بە هەماهەنگی و یەکگرتنی نێوانیان، بەجۆرێك کە لە رابردوودا بەیەکداهەڵدەپژان و لەپێش دەرچوونی ئەو بڕیارە ململانێیەکی ئەدەبیی توند لەسەر زەوی سۆڤێتی روویدەدا.

دەرچوونی ئەو بڕیارە بواری کردەوە بۆ رەخنەی بابەتی و سەرهەڵدانی گشت توانا ئەدەبییەکان، هەروەها مایاکۆفسکیش بەهەمان شێوە بەدەست رەخنە و نووسینی رەخنەگران لەدژی دەیناڵاند، بۆیە دەستیکرد بە رێکخستنی زنجیرەیەك هۆنراوە، لە بەناوبانگترینیان (وتوێژ لەگەڵ پشکنەرێکی فینلەندی لەبارەی هۆنراوەوە) کە پێشتر باسمانکرد، هەروەها وتارێکی نووسی بە ناونیشانی(چۆن هۆنراوە رێکبخەین) کە هیچ شێوازێکی دیاریکراوی هۆنراوە نووسینی لەخۆنەگرتبوو، بەڵام لە هۆنراوەی (ژانی وشە بۆئەوەی لەدایك بێت) هۆنراوە کارێکی دروستکەر و داهێنەرانەیە، کە هەوڵ و سەرئێشە و دوودڵی بیرکردنەوە و

سۆزێکی زۆری دەوێت، هەروەها پێویستی بەبوونی شاعیر هەیە کە لەگەڵ رووداوە گەرماوگەرمەکانی رۆژدا بژی، چونکە هۆنراوە دەرەنجامێکی ئاڵۆزە و پێویستی کاری بوێرانە و نوێگەری بەردەوام هەیە لە روخسار و ناوەرۆکدا.

پەیوەندی نێوان مایاکۆڤسکی و خوێنەرانی زۆر بەهێز و بەردەوام بوو، بەجۆرێك کە لەگەڵ هاوولاتیاندا قسەیدەکرد بۆ روونکردنەوەی بیرۆکە و هۆنراوە و جولانەوە ئەدەبیەکان و زۆربەی جاریش لەکاتی بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و وتاردانەکانیدا هەزاران کەس ئامادە دەبوون، کەهەندێکیان تائێستاش لەژیاندان (کاتی نووسینی ئەم بابەتە: و) و یادی ئەو ئێوارەکۆڕە سەرنجڕاکێشانە دەکەنەوە کە لەگەڵ شاعیری گەورەی روسیادا بەسەریان بردووە، لەلایەکی ترەوە ئەو کۆبوونەوانە بەتەنها هەوادارانی هۆنراوەکانی لەخۆ نەدەگرت، بگرە دژەکانیشی ئامادە دەبوون و هەوڵیاندەدا کاریتێبکەن و بە وەڵامدانەوە و تێبینییە ژەهراوییەکانیان دۆخەکە لەدژی هانبدەن، بەڵام لەبەرامبەردا ئەو زۆر بە دەگمەن هەڵدەچوو و هەندێکجار گاڵتەی پێدەکردن و هەندێکجاریش بە هێمنی و

دانبەخۆداگرتنەوە رەفتاریدەکرد و لەسەرخۆ و شێنەییانە هەڵوێستەکانی خۆی بۆ ڕووندەکردنەوە تا تانەی سەرچاویان بڕەوێتەوە و زۆرجاریش بە نوکتە یان بە کۆپلە شیعر وەڵامی دەدانەوە، بۆ نمونە پێیاندەوت بۆچی لە قسەکانتدا راناوی من ..من دووبارە دەکەیتەوە؟ ئایا ئەوە مانای ستەمکاری گیانی تاکڕەوانە ناگەیەنێت لەلات؟ وەڵامی دەدانەوە و دەیوت: ئایا لەو بڕوایەدان کە (نیکۆلای دووەم) بڕوای بە گیانی بەکۆمەڵ هەبووبێت کاتێك کە وتویەتی ئێمە..ئێمە؟. هەروەها جارێکی دیش لە یەکێك لە کۆبوونەوەکاندا تۆمەتباریانکرد بە ئاڵۆزی و قورسی تێگەیشتنی هۆنراوەکانی لەلایەن خوێنەرەوە، بۆیە داوای لە ئامادەبووان کرد کە هەرچی لە هۆنراوەکانی تێناگات دەست بەرزکاتەوە، لەبەرامبەردا ژمارەیەکی کەم دەستی بەرزکردەوە و ئەویش لەوەڵامدا وتی: ئایا نابینن کە ڕێژەی نەخوێندەوار زۆر زۆر نییە؟. لەلایەکی ترەوە هەندێك هەوڵیاندا بەگیریبهێنن و داوایان لێکرد رای خۆی بڵێت سەبارەت بە پۆشکین، بەوپێیەی ئایندەخوازەکان لە گرنگی ئەویان کەمکردۆتەوە وەك شاعیرێك، ئەویش وەڵامی بە

هۆنراوەیەك دانەوە كە لە یادی تێپەڕبوونی سەد و بیست و پێنج ساڵەی لەدایكبوونی پۆشكیندا نوسیبووی و بۆی روونكردنەوە كە ئەو لە ساڵە یۆبیلییەكان یان هیچ یادێكی تردا هۆنراوەی نەنووسیوە، بەڵام رێز وخۆشەویستی ئەو بۆ پۆشكین وایانلێكرد بۆ بەرز ڕاگرتنی یادەكەی ئەوهۆنراوەیە بنووسێت، هەروەها پرسیاری ئاڕاستە دەكرا لەبارەی خۆكوشتنی یەسەنین و رای بەرامبەر كۆتایی و كەلەپوری ئەو شاعیرە، لەوكاتەشدا هەندێك كۆپلەی لە هۆنراوەكەی بۆ سێرگی یەسەنین بۆ دەخوێندنەوە، كە دەڵێت:

پێویستە

لە رۆژانی داهاتوودا

خۆشیی وەلانێین

لەم دونیایەدا

قورس نییە بمریت

بەڵكو دروستكردنی ژیان

زۆر قورسترە .

ئەم وەڵامە دەبووە مایەی بێدەنگبوونی ئەوانەی رووبەڕووی دەبوونەوە و هەوڵیاندەدا تەنگەتاوی بکەن یان هەق لە هەڵوێستە فیکرییەکانی بکەنەوە و لەلایەکی تریشەوە دەبووە مایەی سەرسامی و خۆشحاڵی دواکەوتە و هەوادارانی، هەروەها تیشکی دەخستە سەر سروشتی خۆی وەك مرۆڤێك، کە راستەوخۆ تێدەگەیشت و زرنگ و هۆشیار بوو و خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز و نوکتەباز بوو.

ژیانی بە چالاکی و کارکردنی بەردەوام دەناسرایەوە و بەتایبەتیش کاتێك تێبینی دەکەیت ، کە بە شار و کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێتدا دەگەڕا بۆ بەستنی کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ کرێکار و رۆشنبیر و فەرمانبەراندا، هەندێکجاریش کاتی بەتاڵی نەبوو. هەر لەکاتی گەیشتنیشی بۆ شارێك بە شەقامەکانیدا دەگەڕا بۆ تێڕوانین لە ئادگارەکانی و پاشان خێرا دەڕۆیشت بۆ یەکێك لە کارگەکان بۆ خوێندنەوەی هەندێك لە هۆنراوەکانی لەکاتی نانخواردنی کرێکارەکاندا، هەندێکجاریش لەناو کارگەکان و لەکاتی کارکردندا هۆنراوەی دەخوێندەوە، دواتر دەچووە (خانەی دۆستایەتی) لە شاردا بۆ وانە وتنەوە و هۆنراوە

خوێندنەوە و وەڵامدانەوەی ئەو تێبینییە زۆرانەی کە ڕووبەڕووی دەبوونەوە و لەدوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکانیش شاعیرە گەنجەکان لەچاوەڕوانیدا دەوەستان، ئەوانەی دەیانویست قسەی لەگەڵ بکەن، بۆیە بانگهێشتیان دەکرد بۆماڵی یەکێکیان و لەوێ تا درەنگانی شەو لە گفتوگۆ و خوێندنەوەی هۆنراوە بەردەوام دەبوون . بۆ ڕۆژی دوایش دەبوایە گەشتی بکردایە بۆ شارێکی تر کە لەوێش بەهەمان شێوە بەرنامەیەکی چڕوپڕی بۆ ئامادەکرابوو، سەرەڕای ئەمانەش هەستی بە ماندوو بوون و بێزاری نەدەکرد، لەبەرئەوەی ئەو چاوپێکەوتنە بەردەوامانەی لەگەڵ خوێنەرانی بەرهەمەکانیدا هەیبوو، هێز و وزەی پێدەبەخشی و ئاشنا دەبوو بە ژیانی فیکریی و ڕۆحییان، کە ئەو ئاشنا بوونە سەرچاوەی ئیلهام و ماددەیەك بوو بۆ هۆنراوەکانی کە کۆتایی نەدەهات .

ماڵە بچکۆلەکەی مایاکۆفسکیش پڕدەبوو لە هاوڕێ و ناسیاوەکانی و بەتایبەت لە ڕۆژانی جەژن و پشووەکاندا، هەروەها خاوەن پەیوەندییەکی بەرفراوان بوو لەگەڵ کەسانی

جیاجیادا وەك ڕۆژنامەنووس و پزیشك و شاعیر، سەرەڕای بچوکی شوێنەکەش کە هەندێکجار جێگای دانیشتن نەدەما، مایاکۆڤسکی بەپێوە دەوەستا و قسە و نوکتەی بۆدەکردن و گفتوگۆی لەگەڵ دەکردن و زۆر بابەتی جیاوازیان دەوروژاند و چایان دەخواردەوە و گوێیان لە هۆنراوەکانی دەگرت.

شێوازی نووسینی بۆ هۆنراوە شێوازێکی تاك بوو هەروەها ئەو لەپشت مێزێکەوە یان بەپاڵکەوتوویی لەسەر پێخەفێك یان لەسەر جێگە هۆنراوەی نەدەنووسی بەڵکو هەمیشە سەرقاڵبوو بە ناوەڕۆك و رووکەشی هۆنراوە و قافییەکانی، جا لەسەر شەقام بووبێت یان لە ئۆتۆمبێلدا یان لە چێشتخانەدا و هاوڕێ نزیکەکانیشی ئەمەیان دەزانی، کە هەندێکجار لەسەر شەقام بەلایدا دەڕۆشتن بەڵام ئەو هەستی پێ نەدەکردن و ئەوانیش نەیاندەویست بێزاری بکەن، ناچار بەبێ سڵاولێکردن تێدەپەڕین، هەروەها جارێکیش لەسەر ئەو دۆخە نوسیوێتی و دەڵێت:

دەڕۆم و هۆنراوە دەنووسم
لە یادنامەی ڕۆژانەمدا.

یادنامەی رۆژانەکەی کۆمەڵێك کۆپلە و پارچە شیعر و گەلە وشەی لەیەکچووی لەخۆدەگرت، کە پێویستبوو وەك کەرەستەی خاو لە هۆنراوە و نووسینەکانیدا بەکاریانبهێنێت، هەروەها بەشێوەیەکی چڕ و لەپاڵ نووسینی بەشێك لە بەیتە شیعرییە پەرشوبڵاوەکانی لەو یادنامەیەدا، سەرنج و بیرۆکە و ئارەزووەکانی دەنووسی، کە لەدوای مردنی حەفتا و سێ یادنامەی بەجێهێشت، جگە لەوانەی کە ونبوون و نەگەیشتوونەتەدەستمان. لەلایەکی ترەوە گرنگییەکی زۆریدەدا بە شانۆ و بەتایبەت شانۆی میرخولد و ئەو شانۆیانەی حەز پێدەکرد کە کرێکار و گەنجە ئارەزوومەندەکان تیایدا رۆڵیان دەبینی،کە بەڕای ئەو بە ئاڕاستەیەکی راستی وادا نواندن دەکەن، کە ئامانجی شۆڕشە.

زۆربەی ئەو شانۆیانەی کە ئارەزوومەندان رۆڵیان تیادەبینی لە نووسینی خۆیان بوو، بۆیە هیچ رەگەزێکی هونەری شانۆیی تێدا نەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو کێشانەی دەخستەڕوو کە رۆژانە رووبەڕووی کرێکار دەبۆوە

له کارگه و شوێنه پیشەسازییەکاندا، وەك سستی و تەمەڵی هەندێکیان و لەلایەکی تریشەوە باسی لەو دەستکەوتە گەورانە دەکرد کە بەدەستهاتوون، بۆ یەکەمجاریش کرێکارەکان خۆیان لەسەر تەختی شانۆ وەك ئەکتەر و نووسەر دەرکەوتن و بەشێوەیەکی واقیعی ژیانی خۆیان بەیاندەکرد.

مایاکۆڤسکی لە شانۆدا بوارێکی بەرفراوانی دۆزییەوە بۆ دەربڕینی راوبۆچونەکانی و پەیوەندی بەستن لەگەڵ بینەرانیدا، بۆیە بیری لە نووسینی شانۆ کردەوە و لە ساڵانی ۱۹۲٦ و۱۹۲۷ بە چڕی دەستیکرد بە نووسینی سیناریۆی سینەمایی و دواتریش بە شێوەیەکی باش دەستیکرد بە نووسینی شانۆ کۆمیدییکەی بەناوی(مێشوولە) کە باسی لە شێوازی رەخنە و گاڵتەپێکردن دەکرد لەلای هەردوو نوسەری روسی (گوگول) و (شەدرین ) لەگەڵ بەستنەوەی ئەو رەخنەیە بە کێشەکانی ژیانی هاوچەرخەوە.

قێزەونترین کار لای مایاکۆڤسکی بیرتەسکی و بیری سنوردار و دەستبەسەراگرتنی بەشەکانی ژیانی بچووکی مرۆڤ بوو، هەرئەوەش زووزوو لە ژیانی رۆژانەدا رووبەڕووی

دەبۆوە، تەنانەت لە کاری رۆژنامەنووسیشدا، بۆیە جێی سەرسامی نییە کە پاڵەوانانی بەرهەمەکانی خۆی لەو کەسە بیر تەسکانە هەڵبژێرێت کە تەنها بۆخۆیان دەژین و ژیانێکی  پڕ لە ناز و نیعمەتی دروستکراویان بەلاوە خۆشترە لە ژیانی کارکردن و بیناسازی، هەروەها بەهۆی نەرمی وئاسانی ئەو ژیانەشەوە بوو کە سەرنجی زۆربەی گەنجەکانی رادەکێشا.

کەسایەتی (برسیبکین) کە لەپێشدا کادرێکی حزبی تێکۆشەر بووە، شێوازی بەسەربردنی ژیانی ئەو خەڵکانەمان بۆ دەردەخات کە تەنها بۆ ژیانی تایبەتی خۆیان کاردەکەن، پاشان برسیبکین ژندەهێنێت و ئاهەنگێکی گەورە سازدەکات بەبۆنەی مارەکردنی کیژێکی رێنیسانسەوە و ئامادەبووانیش برێکی زۆر مەی دەخۆنەوە و سەرخۆش دەبن و دواتر لە بیناکەدا ئاگرێکی گەورە دەکەوێتەوە و پیاوانی ئاگرکوژێنەوەش بە ئاورژێنەکانی دەستیانەوە ئاگرەکە دەکوژێننەوە و بنمیچەکە دەبێتە پارچەیەك سەهۆڵ و ساڵ دەڕوات و پاشان بۆیان دەردەکەوێت کە برسیبکین(کە دواتر ناوی خۆی گۆڕی و

ناوێکی تری هەڵبژارد کە بەلای خۆیەوە جوان بوو، کە ئەویش (بیر سکریبسکین) بوو لە ژێر ئەو پارچە سەهۆڵانەدا رەقبۆتەوە، هەوڵیش دەدەن زیندووی بکەنەوە بەڵام بۆیان دەردەکەوێت بە کەڵکی هیچ شتێك نایەت لە کۆمەڵگای نوێدا، بۆیە لە باخچەی ئاژەڵاندا خواردنیان دەدایە لەگەڵ ئەو(مێشولەیەی) کە بە رێکەوت لەگەڵیدا دەرچووبوو.

مایاکۆڤسکی لە شانۆییە تازەکەیدا، راستیی ژیانی رۆژانەی تێکەڵ کردبوو بە خەیاڵ ، بەوەش نەریتێکی رەخنەگرانەی نوێی لە شانۆی سۆڤێتیدا هێنایە ئاراوە و مۆسیقای ئەو شانۆیەش لەلایەن مۆسیقاژەنی دیار (شاستاکۆفیچ)ەوە دانرا و لەسەر تەختی شانۆ نمایشکرا.

لە شانۆیی(کۆتردا) کە لە ساڵی ١٩٢٩ نووسیویێتی، رەخنە ئاڕاستەی لایەنێکی سەلبی تر دەکات کە کۆمەڵگای سۆڤێتی لە گەشەی گیانی بیرۆکراتیەتدا بەدەستییەوە دەیانناڵاند کە (بابیدا نۆسیکۆف) بەرجەستەی کەسایەتییەکەی دەکرد وبیرۆکراتییەت بەناو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بڵاوبووبۆوە نەك بەتەنها هەر لە ناو فەرمانگە حکومی و فەرمانبەرەکاندا. هەروەها کارکردن

بە شێوەیەکی میکانیکی و خەمساردانە لە چارەسەری کێشەکانی خەڵك و راکردن لە بەرپرسیارێتی بەڕێوەدەچوو، بۆیە لەم جۆرە دۆخە بیرۆکراتیەشدا مەراییکەران و هەلپەرستان دەبوژێنەوە.

لەو شانۆییەدا بیرۆکراتەکان رووبەڕووی گەنجانی پەرۆش بۆ کارکردن دەبنەوە، ئەوانەی بە رێکوپێکی و خۆبەختکردن و دڵسۆزییەوە کاریاندەکرد بۆ جێبەجێکردنی پلانە پێنج ساڵییەکە لە پێش وادەی خۆی، رووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو دەستەیە لە خەڵك، دەستەی یەکەم کە بەعەقڵییەتی بیرۆکراتیەکەی ناهێڵێت وڵات پێشخستنی خێرا وگەشەپێدان بەخۆوە ببینێ.

هەروەها لێرەدا دوو شێوازی کۆکردۆتەوە کە ئەوانیش شێوازی رەخنەیی و خەیاڵییە ، بەڵام شانۆییە گاڵتەئامێزەکانی بە لایەنە سلبیەکانی ئەوکاتی سۆڤیێت ، نەبووە مایەی خۆشحاڵی دوژمن و تەنانەت هەندێك لە ناسیاو وخۆشەویستانیشی شێوازە ئەدەبییە نوێیە بێ وێنەکەیان قۆستەوە بۆ هێرشکردنە سەری و دانانی شانۆییەکانی بە بێ بەهای هونەری و بە تەنها هەوڵدان بۆ

تاقیکردنەوە لە بواری شانۆییدا، هەروەها بە دوور لە واقیع لەقەڵەمیان دەدا و دەیانگووت ئەم بەرهەمانە بۆ نمایشکردنی لەسەر شانۆ ناگونجێ.

دوابەدوای ئەو هێرشە ستەمکارییەی کە کرایە سەری لە تۆمەتبارکردن و قسە بۆهەڵبەستن لەسەر شانۆکانی، هێرشکەران و هاوکارەکانیان لەوانەی کە لە بواری رووناکبیریدا بەهێز بوون، توانییان رێگری لە نمایشکردنی شانۆکەی بگرن تا ئەو کاتەی مایاکۆڤسکی لەژیاندا مابوو، هەربەوشێوەیە بەرەو لەبیرچوونەوە دەچوو تا ساڵی **١٩٥٣** کاتێك حکومەتی سۆڤێتی پەردەی لەسەر بیرۆکراتیەتی فەرمانڕەوا لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا هەڵماڵی، شانۆییەکانی مایاکۆڤسکی جارێکی تر سەریانهەڵدایەوە، کە لە پێش چارەکە سەدەیەك نووسیبووی بۆ دەربڕینی بیروبۆچوون و تێگەیشتنە قووڵەکانی لەبارەی واقیعی ژیانی ئەوکاتە و جارێکی تر شانۆییەکانی هاتنەوە مەیدان بۆ رەخنەگرتن لە لایەنە سلبییەکانی کۆمەڵگای سۆڤێتی.

مایاکۆڤسکی جێ پەنجە بەهێزە ئاشکراکانی خۆی بەجێهێشت لەسەر هۆنراوەی سۆڤێتی و بە سەردەستە و

نوێکەرەوەی دادەنرێت و هەروەك (س. مارشاك) لە کتێبی (ڕۆشنبیرکردن بە وشە) لەبارەیەوە دەڵێت: خۆهەڵخەڵەتاندنە گەر هەوڵبدەیت مرۆڤێك بدۆزیتەوە خەمسارد بێت لەئاست ئەم شاعیرەدا، دەکرێت خەڵك خۆشی بوێت یان خۆشیاننەوێت، لە هۆنراوەکانیدا بژین یان گفتوگۆی لەبارەوە بکەن، بەڵام ئەستەمە لەم چەرخەی ئێستادا گوێ لە سەدای هەنگاوە جێگیر و دەنگە بەهێزە هەمیشە گەنجەکەی نەگیرێت.

# بۆچی مایاکۆڤسکی خۆی کوشت؟

پرسیارێکە کە مرۆڤ رادەمێنێ لە ئاست هۆکار و پاڵنەرەکانیدا، چۆن شاعیرێکی مەزن و یاخی ئاوها خۆی دەکوژێت، کە بە گیانی رووبەڕووبوونەوە و سەختی جیادەکرێتەوە و هەمیشە گەشبین و بە ئاوات و کۆڵنەدەر و سەرسەختییەکی بێ وێنە لە کارکردن بۆ داهاتوو؟ نیشانەکانی پرسیار و سەرسوڕمان لەبەردەم رووداوی خۆکوشتنەکەیدا بەبێ وەڵامێکی تیمارکەر مایەوە، هەروەها ئاڵۆزیی دەوری رووداوەکەیدا و پەردە لەسەر پاڵنەر و هۆکارەکانی لانەدرا، کە بووە مایەی کۆتایی هاتن بە ژیانی، کۆتاییەکی کارەساتباری بەسوێ، سەرەڕای سەرهەڵدانی دەیان کتێب و وتاری سۆڤێتی کە باس لە کەلەپوری ئەو شاعیرە دەکات بە وانە و بەدواداچوون و

شیکردنەوەوە، بەڵام بێدەنگی باڵی بەسەر ڕووداوی مردنەکەیدا کێشا.

بەڵام ڕەخنەگرانی رۆژئاوایی پاڵنەرە سەرەکییەکانی خۆکوشتنەکەیان بە گۆڕانی فەلسەفە و بیرکردنەوە کۆمەڵایەتییەکەی و رای جیاوازی سەبارەت بە زۆرێك لە بابەتەکان دانا لەگەڵ دەسەڵاتی سۆڤێتدا، هەروەها نەیدەتوانی رای خۆی بە ئازادی و ئاسانی بڵێت و هەندێك ڕووداویان دەگێڕایەوە کە باس لە گۆشەگیری و گەمارۆدان و تەنگ پێهەڵچنینی دەکرا.

لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییەش وەڵامێکی باوەڕپێنەکراو دەردەخەن کە خۆکوشتنەکەی تا ئاستێکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ دەستبەسەراگرتنی زۆرێك لە رەخنەگران و شاعیران و نووسەران و ئەوانەی بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداربوون لە پاڵپێوەنانی مایاکۆڤسکی بەرەو ئەو هەڵوێستە لە ژیانی ئەدەبیدا، هەروەها دەستبەسەراگرتنیان بەسەر گۆڤار و رۆژنامانەکاندا، کە هەوڵیاندەدا لەسەر ئەو بابەتە بنووسن، زۆر قسەشی ئاڕاستەکرا کە کەمبوون ئەوانەی پاڵپشتی لەو قسانە بکەن، ژیانیشی بووبە دۆزەخێك کە لەناو ئاگرەکەیدا

دەسووتا، پاشان دوای چل ساڵێك بەسەر خۆکوشتنەکەیدا ودوای مردنی زۆربەی رووناکبیرانی هاوتەمەن و سەردەمەکەی، هەندێك وتار سەریانهەڵدا کە باسیان لەو کەشە نالەبارە دەکرد کە باڵی بەسەر ژیانیدا کێشابوو.

لە وەڵامی پرسیارەکەشماندا بە کورتی ناوەرۆکی دوو وتاری درێژ باسدەکەین کە لە گۆڤاری (گنیوکدا) بڵاوکرانەوە لە ساڵی **١٩٦٨** لەژێر ناونیشانی (خۆشەویستی شاعیر) و(مردنی شاعیر) کە هەریەك لە (ف. فارانتشۆڤ) و (أ. کالاسکۆڤ) تیشکیان خستبووە سەر پاڵنەرەکانی خۆکوشتنەکەی، هەروەها لۆدمیلای خوشکیشی لەسەر ئەو دوو وتارە نووسیوێتی و دەڵێت: ئەوانەی کە بڵاوتانکردۆتەوە راستییە و شتێکی تازە لە باسی ژیانیدا دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە پشتمان بەست بە یادەوەرییەکانی (ی. أ. لاڤینسکایا) کە لە دوا رۆژەکانی تەمەنیدا کاری لەگەڵ مایاکۆڤسکی کردووە و لەژێر ناونیشانی (یادەوەرییەکانم لەبارەی چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ مایاکۆڤسکی) کە مردنەکەی بە تاوانێکی کوشتن لەقەڵەمدەدات کە بەرامبەری کراوە نەك خۆکوشتن.

هەردوو نووسەر لەسەر راوبۆچوونە وتراوەکان کۆکنین، کە خۆکوشتنی مایاکۆڤسکی بەسترابێتەوە بە هەڵوێستی فیکری نوێ و ترس لە نزیکبوونەوە لە پیرێتی یان جۆرێك بێت لە شێتی، بەڵکو لە چەوساندنەوە و تەنگ پێهەڵچنیندا خۆی دەبینێتەوە کە مایاکۆڤسکی لە ژیانی شیعریدا تووشی بووبوو، هەروەها ئەو گۆشەگیرییە بکوژەی کە خۆی تیابینییەوە، کە شاعیر لە باسی یەکێك لە جەنگاوەرەکانیدا لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

باران بەهێزترە

هەورە بروسکە چالاکترە

هەموو لە یەك ئاستدان

هەموو رووی چەك

و تۆپەکانیان

و دەمانچە ماوزەر و براونینجەکانیان

لە دووری سەد

لە دووری دە پێ

لە دووری دوو هەنگاوەوە

لە نزیکەوە دەیتەقێنن

پاشان پڕیدەکەنەوە لە فیشەك
تۆزێك دەوەستن، هەناسە هەڵدەکێشن
پاشان دەستڕێژ دەکەن.

مایاکۆڤسکی زۆر بەربەست و تەنگانەی لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا توشبوو و زۆر رەخنەگریش مەیلیان بە تازەگەرییەکەی نەدەهات لە شێوازی هۆنراوە نووسیندا و تەنانەت ئەو ناوەڕۆکە نوێیەش کە هۆنراوەکانی گرتبۆوە.

(م. چۆناسۆڤ) لەبارەی هۆنراوەی (هەوری شەروالّ لەپێ) کە باس لە ترس و بەزەییەکی قووڵ دەکات و رەخنەگرێکی تر تانەی لێدەدات و دەڵێت: پەڕتوکێکی دڕندەی بێ مێشکی دلّڕەقە.ئەم دەربڕینە زبرانەی کە لەبارەیەوە وتراوە لەلایەن دوژمنە بیریارەکانییەوە زۆر کاری تێنەکرد و نەبووە گرێیەکی دەروونی بۆی، جگە لەوەی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بیرۆکەکە گۆڕا، بەتایبەت دوای ئەوەی گشت هێزە داهێنەرانەکەی و وزە کۆکراوەکەی بۆ تەرخانکرد، بۆیە هەورە رەشەکان لە ئاسمانی ژیانیدا کۆبوونەوە و بەرەنگێکی تاریك و تەڵخ رەنگکرا، سەرەڕای ئەوانەش ئەو رەخنانە لە

سووربوونی ئەوی کەمنەدەکردەوە و گاڵتەی بەوانە دەکرد کە گاڵتەیان بە هۆنراوەکانی دەکرد و بە سوکی باسیان دەکرد.

شەپۆلی رەخنە و هێرشەکان بە تێپەڕبوونی کات بەرزدەبۆوە و (سێرگی سباسکی) لەبارەی هۆنراوەکەیەوە نووسیویێتی و دەڵێت:لێڵییەکی ناوەکییە و توانای هەڵگرتنەوە و تێگەیشتنی ریتم و مانای سەردەمیانەی نییە بۆیە بەرەو رێگایەکی داخراوی برد، هەروەها (ئیلیا ئاهرنبۆرگ) لە وتەیەکدا کە ساڵی ١٩٢١ لە بەرلین پێشکەشیکرد دەڵێت: مایاکۆڤسکی دەیەوێت ریتمە یەك تاڵییەکە بشارێتەوە و خەریکە هەر وشەیەك دەبێتە دێڕێکی نوێ، بەهۆی هونەری خوێندنەوەی هۆنراوەیەوە و تەنانەت بە روخسارە دەرەکییەکەشییەوە، ئەو خۆی هیلاك دەکات بە راکێشانمان بۆ گوێگرتن لە ریتمێکی رێکوپێك، کە هەڵدەستێت بە لاسایی کردنەوەی دەنگەکان و پێکهاتەی پاڵەوانی و چەندان فێڵی تر. لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە تەنها دەنگی تەپڵی چاکمان گوێ لێدەبێت.

جنێودان به مایاکۆڤسکی گەیشتە ئاستێك کە (ل.سۆسنۆفسکی) شاعیر هێرشێکی رێکخست لەژێر ناوی(بەسە مایاکۆفیسکێتی) کە هاواری نارەزایی لەدژی دروستبوو و ئەو دەنگانە بەرزبوونەوە کە دەیانگوت هۆنراوەکانی لە ئاستەنگێکدایە کە لەباسکردن نایەت و لەدوای شۆرش کەوتە ناو سەردەمێکەوە کە پرە لە نەداری و دەستکورتی لە روخسار و ناوەرۆکدا بەقەد یەك، پاشان شۆرش هۆنراوەکانی لاواز کرد و بەهرە هونەرییەکانی دارمان و لەلایەکی دی هەندێك دەنگی تر بەرزبوونەوە کە باوەریان وابوو هەرگیز نوێنەرایەتی گیانی شۆرشگێری ناکات و ئەو لەو کەسانەیە کە لە کەناری رووداوەکانی شۆرشدا وەستاون و نەیانتوانیوە لەگەڵیدا تێکەڵبن و دەریببرن، کە پرۆفیسۆر (ب. س. کۆگان) لەوبارەیەوە دەڵێت: نامۆیەکە بە شۆرشەکەمان، مایاکۆڤسکی لە سەلەفی و تاکرەوەکانە بە مانا بۆرجوازییە کۆنەکەی ئەو وشەیەش.

هەروەها (أ. لیجنیڤ) لە وتارێکدا بەناوی (کێشەی لاشەیەك) کە مەبەستی لە لاشەکە مایاکۆفیسکیە دەڵێت:

ئەو دەستگیرانیێکی ساردی نابووتە. کاتێکیش کە هۆنراوە درێژەکەی بەناوی (باش) دەرکەوت، (م. بیکر) لەبارەیەوە دەڵێت: ئەوە وتارێکی قافییەدارە لەبارەی بابەتی سیاسییەوە، هەروەها دەستی بۆ ئاوابوونی وەك شاعیرێك درێژ دەکات، سەرەڕای ئەوەی لەوکاتەدا ئەو لە لوتکەدا بوو و هێزە داهێنەرەکانی پەلییان دەهاویشت.

کۆمەڵەی نووسەرە پرۆلیتارە روسییەکان، بۆ شۆڕش وەك هاوڕێی لەناکاوی دەم رێگا سەیریان دەکرد، کە مایاکۆڤسکی لە هۆنراوەی شاردا بە داخەوە لەبارەی دانانی بە هاوڕێیانی دەم رێگا و گۆشەگیربوونی دەڵێت:

لەوانەیە

پێویست بێت

پێیان بووترێت

چ هاوڕێیەکی دەم رێگام من، شەیتان بیانبات

هیچ هەناسەیەکی زیندوو

لە نزیکمەوە

ناتوێتەوە و

وەك پێشتر

پشتم ئەلەرزێنێ

لەبەردەم

عەرەبانەی شیعردا

تەنها خۆت

خۆشی

و ئازار

هەڵدەگریت.

ئەو هێرشانە مانای ئەوە نییە کە هەواداران و خۆشەویستانی دیارنین، بگرە مەکسیم گۆرکی و ڤالێری برۆسۆڤ و چەندانی تر لەبارەی بەهرە بێهاوتاکەی و توانا دروستکەرەکەی لە وێناکردنی کۆمەڵگایەکی نوێوە نووسیویانە، بەڵام کەشە باوە ستەمکارەکە بریتی بوو لە جنێو و تۆمەتبارکردن و لە ژێرپێنانی بەهرەکانی و ئەم کێشەیەش بەجۆرێك تەنگی پێهەڵچنی کە بۆ ماوەیەکی کورت بیر لە خۆ دوور خستنەوە بکاتەوە لە روسیا، بۆ ئەوەی لەو کەشە رزگاری بێت و لە نووسینێکا دەڵێت: بەپێی سروشتە شەڕانییەکەمەوە زۆر سەگ لێمەوە ئاڵان و تۆمەتی زۆر گوناهییان خستەپاڵم کە لە راستیدا

نەمکردبوو، بە جۆرێك جاروبار بە خەیاڵمدا دێت کە بۆ ماوەی ساڵێك یان دوو ساڵ بڕۆم بۆ شوێنێك بۆ ئەوەی هەر بەتەنها جنێو نەبیستم.

هەروەها کارەساتێکی تر لە ژیانی خۆیدا هەبوو ئەویش کارەساتی خۆشەویستییەکەی بوو، داخی بۆ خۆشەویستییەکەی دەخوارد و بە تاسەوە لێی دەڕوانی و چاوەڕێی دەکرد، خوێنی لاوێتی لە دەمارەکانیدا هەڵدەقولا و ئەویش دەیویست لە ژیان بخواتەوە و هەست و سۆز و بیرۆکەکانی بگێڕێتەوە. بۆیە کە چاویکەوت بە (ماریا ئەلیکسەندرۆڤا) سۆزەکانی رووەو ئەو هەڵکشا .ئەوەی نەزانراویشە ئەوەیە کە ئەو ژنە هەمان هەستی خۆشەویستی هەبوو بەرامبەری، جگە لەوەی کە ئەو شووی بە پیاوێکی تر کردبوو و ژیانێکی خراپیشیان نەبوو و دوای خۆکوشتنی مایاکۆفسکیش پەیکەرێکی بۆ داتاشی، خۆشەویستی ئەو بۆ ئەو ژنە یەکەم بێ هیوایی بەخشییە ژیانی سۆزداری مایاکۆڤسکی.

ساڵی ١٩١٥ چاویکەوت بە خانەوادەی (بریك) کە لێرەدا بە سەرنەکەوتوویی کەوت بە خۆشەویستی دووەمدا،

هەروەها هەردوو خوشك (بريك و ئيليزاتريۆ لی)، كە لە دواتردا بوو بە ژنی شاعیری ناوداری فەرەنسی (ئاراگۆن)، كە ماياكۆڤسكی هەردووكيانی خۆشدەويست، بەڵام لەبەرامبەردا وەك ئيليزاتريۆ لی لە يادەوەرييەكانيدا دەڵێت كە گوايە ئەوان خۆشيان نەويستووە، ئەم خۆشەويستييە سەرنەكەوتووە تێكشكانی دڵ و خۆشيی ژيانی ئەوی زياتر كرد و بە ئازارەوە سەبارەت بەو بابەتە دەڵێت:

خۆشەويستی

من تەنها

لە مێشكە سوتاوەكەمايە

با رۆشتنی ئەم نمايشە پێكەنين ئامێزە نەزانە بوەستێت

سەيركەن

گشت يارييەكان دەدڕێنم

من

بەبێ كيشۆت مەزنترم.

ئەو هەست و سۆزە پەنگخواردووە تين سەندووە هەر وەك خۆی مايەوە و بەردەوام بەدوای خۆشەويستييەكی

راستەقینە و سۆزێکی راستگۆدا دەگەڕا، جگە لەوەی کە ئەو لە ژیانیدا لە چاوبڕکێی سەرپێیی و خۆشەویستی رووکەش نەبێت هیچی تری تووش نەدەبوو، هەروەها لە زۆر هۆنراوەدا باس لەو خۆشەویستییە ونە دەکات و لە ئاخاوتنی نێوان ئەبخازیای سوور و داغستانی سۆڤێتیدا باس دەکات و دەڵێت:

بێزار بووم
لە گەڕان بە دەریادا بە تەنیا
وەرە ئێرەوە
لەپەناما بوەستە
بەڵام وەڵامی دامەوە
بێزار بووم
لە گەڕان بە دەریادا بە تەنیا
وەرە ئێرەوە
لەپەناما بوەستە
بەڵام بە نازەوە وەڵامی دامەوە
بژی و خۆت گەرمکەرەوە

بەشێوەیەك

بە تەنیا.

لە ساڵی ١٩٢٨ گەشتیکرد بۆ پاریس و لەوێ چاویکەوت بە (تاتیانا یاکۆڤلیڤا) کە لە خێزانێکی روسی بوو و لە دەرەوە دەژیا و ئەمیش سەرسامبوو بە ژیری و بەهرە بێ وێنەکەی و کەوتنە خۆشەویستی یەکەوە، ئەو خۆشەویستییەی کە بەدرێژایی ژیانی تینوی بوو، هەروەها ئەو نامەیەی کە تاتیانا لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨ بۆ دایکی ناردووە گەواهی ئەوە دەدات کە چەنێك مایاکۆڤسکی خۆشویستووە، دەڵێت: ئەو مرۆڤێکی زۆر باشە، بەڵام سەرەکیترین شت ئەوەیە کە لە پێشدا بەشێوەیەکی زۆر جیاوازتر وێنام دەکرد، پەیوەندی لەگەڵما زۆر سەرنجڕاکێشە، گەشتەکەی کە نزیکەی شەش مانگ لەمەوپێش کردی بۆ پاریس بەلایەوە کارەساتێکی گەورە بوو، لە بەرلینەوە قسەی لەگەڵ دەکردم و قسەکانی بریتی بوو لە لاوانەوە، من هەموو رۆژێك بروسکەیەکی ئەوم پێدەگات و هەموو بەیانییەکی رۆژانی یەکشەممانیش

رایاندەسپێرێ کە چەپکێك گوڵم بەدەست بگات _ تا دەگەڕێتەوە_ .

ئەو زیرەکترین کەسە کە تائێستا چاوم پێیکەوتبێت و بەتایبەت لەو رووەوەی کە خۆشمدەوێت، هەروەها ئەو دەیەوێت ئێوارە کۆڕێکی ئەدەبی لە (بینزە) ببەستێت بەتایبەتی بۆ ئەوەی چاوی پێمبکەوێت، لەو بڕوایەدام کە تۆ (واتا دایکی)و دڵخۆش دەبیت بە بیستنی هۆنراوەکانی بەناوی(نامەی تاتیانا یاکۆڤلیڤا)و (نامەی خۆشەویستی)، کاتێك کە لەگەڵیدا بووم وام هەستدەکرد کە لە روسیا دەژیم و لەدوای رۆشتنەکەشی هەستم بە سۆزێکی زیاتر کرد بۆ روسیا.

لەدوای خۆشەویستییەکەی تاتیانا یاکۆڤلیڤاوە ئەو تێڕوانینە رەشبینانەیەی نەما کە بەهۆی خۆشەویستییە سەرنەکەوتووەکانی لەگەڵ ماریا و لیلی بریك هاتبووە ژیانییەوە، هەروەها ئەو خۆشییە بە خۆشەویستی و سەرگەرمی لە هۆنراوەکانیدا شکایەوە، بۆیە خۆشەویستییەکەی و کارەکەی بوون بە هەموو شتێك لە ژیانیدا و لە ناوەڕاستی کانونی دووەم ١٩٢٩ لە نامەیەکدا

بۆ تاتیانا باسیدەکات و دەڵێت: کارکردن وچاوەڕوانی تۆ تاقە خۆشی ژیانی منن. پاشان پێشبینی ئەوەی بۆ کرد کە بێت بۆ روسیا و پێکەوە بژین و لە (ئالتا)ی کاری ئەندازیاری بکات، ئەویش لەوەدەچوو دوودڵ بێت لە چوونە پێشەوە بۆ ئەو هەنگاوە بەهۆی بوونی هەندێك کێشە و کاری دیاریکراوی خۆیەوە.

مایاکۆڤسکی پێداگریکرد لەسەر چوونی بۆلای بۆ پاریس بەڵام داواکەی لەلایەن دەسەڵاتی پەیوەست بەوکارەوە رەتکرایەوە بۆیە ناچار بوو دوور لە تاتیانا بمێنێتەوە و بەوهۆیەشەوە ئازارێکی قووڵی چەشت. ئەوەی کە ئازارە دەروونییەکەشی زیاتر کرد ئەوە بوو کە تاتیانا لەدوای ئەوەی بیستی کە رێگەی پێنادرێت بەرەو دەرەوە گەشت بکات، شوویکرد بە ئەلفیسکۆنت دوێلیسیە.

هەواڵی شووکردنی تاتیانا مایاکۆڤسکی هەژاند و وایلێکرد کە لە تەنیاییەکی بکوژدا بژی، هەروەها ئەوپەڕی پێویستی بە دڵڕاگرتن و چاودێری دەروونی بوو لەلایەن هاورێکانییەوە، بەجۆرێك کە خێزانی( بریك) کە لەهەمان خانوودا بەهاوبەشی دەژیان و بە نزیکترین کەسی دادەنران،

جێیانهێشت و چوون بۆ ئینگلتەرا و پەیوەندییە تازەکەشی لەگەڵ (ڤ. ڤ. بۆلۆنسکایا) نەیتوانی ئەو بۆشاییە سۆزدارییە زۆرەی بۆ پڕبکاتەوە کە تیایدا دەژیا، بەم شێوەیە خۆشەویستییە خەفەتاوییەکەی بۆ تاتیانا بووە پاڵنەرێکی گرنگ لە کۆتاییە بەسوێکەیدا.

پاشان هەوڵیدا لەسەر ئاستی کەسیی و گشتی سەربکەوێت بەسەر ئەو رەوشە دەروونییە تاڵەی کە تیایدا دەژیا ، ئەویش بە خۆسەرقاڵکردن بە کاری ئەدەبییەوە. لاڤینسکایا لە یادەوەرییەکانیدا لەبارەی دوارۆژەکانییەوە باسیدەکات کاتێك کە کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی گەنج کاریاندەکرد لەسەر دانانی شێوازێك بۆ شانۆییە نوێیەکەی (مۆسکۆ دەسوتێت) بۆ نمایشکردنی لەسەر تەختی شانۆ، بۆیە راشێلی کچە برادەری لە ئێوارەی ١٣ی نیسان دەچێت بۆلای بۆ ئەوەی نەخشەی کارکردنی پیشانبدات بینی لە رەوشێکی ناسروشتیدایە و داوای لێکردبوو کە لەگەڵی بمێنێتەوە و باسی شتێکی لەگەڵ بکات بۆ ئەوەی لەو دۆخە دەروونییەی کە تیایدا دەژی رزگاری بێت، بۆیە راشێل دەستیکرد بەباسکردنی ئەو شووکردنە کارەساتبارەی کە

دەرەنجام لەگەڵ مێردەکەی جیابوونەتەوە و هەر لەو نێوەندەدا دەمانچەیەکی بینی لەسەر مێزەکە دانرابوو و لە بەیانی رۆژی دواییدا کاتێك لاڤینسکایا لە پێشانگایەك کە لە باخچەی نیسکۆچنی بەڕێوەدەچوو کاریدەکرد، کەسێك لەسەر تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کرد و هەواڵی خۆکوشتنی مایاکۆڤسکی پێڕاگەیاند و ئەوانەی کە لەگەڵێدا کاریاندەکرد باوەڕیان بە هەواڵەکە نەکرد، بۆیە رایکرد بەرەو ماڵەکەی و بینی لەبەردەمیدا قەرەباڵغییەکی زۆر لەو خەڵکانە هەیە کە بە هەواڵەکە سەرسامبوون، رێگەش نەدرا بەچوونە ژوورەوە بۆلای چونکە دواهەناسەکانی خۆی هەڵدەکێشا و دوای چەند ساتێك وشەی دەتوانن بچنە ژوورەوەی.. گوێ لێبوو.

لەسەر سیسەمەکە پاڵکەوتبوو و روخساری زۆر ئارام بوو و لە روخساری مردوو نەدەچوو، پاشان ئەگرانۆڤ دوایین نامەکەی خوێندەوە کە هیچ تۆمەتێك بۆ خۆکوشتنەکەی ناخاتە پاڵ کەس، دواتر کە هەموو چوون بۆ یانەی نووسەران ، بڕیاردرا دارەمەیتەکەی دابنرێت بۆ ئەوەی خەڵك دوا ماڵئاوایی لێبکەن، لەوێ دایکی و هەردوو

خوشکەکەی لۆدمیلا و ئۆلیا بەدرێژایی کات لە تەنیشت دارەمەیتەکەوە دانیشتبوون و ریزی خەڵك کە کۆتاییەکەی دیارنەبوو بەبەردەم دارەمەیتەکەیدا دەڕۆشت، لە نیوە شەوی ١٦ی نیسانیش لاشەکەی لەسەر ئۆتۆمبێلێك هەڵگیرا و بەزەحمەت بەناو ئەو خەڵکە زۆرەدا رێگەی گرتەبەر بەرەو گۆڕستان.

بەم شێوەیە ژیانی زەبەلاحی هۆنراوەی روسی لە بێدەنگیدا بۆ هەتا هەتایە کۆتایی هات، ئەو دەنگە دلێرەی کە خۆشەویستان و هەوادارانی ئەوی دەلەرزاند، هەروەها لەدوای مردنی یادەکەی بەرزڕاگیرا و زۆرێك لە شەقامەکان بەناوی ئەوەوە ناونرا و وێستگەی میترۆ مایاکۆڤسکی و شانۆی مایاکۆڤسکی و گۆڕەپانی مایاکۆڤسکی و گەلێکی تر بەناوییەوە هەیە.

## شاعیرانی سەردەمەکەی و شۆڕش

لەسەر شاعیرانی ئەو دەمە پڕ لە رووداوەی روسیادا، کە دوابەدوای یەك شۆڕش و جەنگ روویاندەدا، پێویست بوو هەڵوێستی خۆیان وەربگرنەوە لە ئاست ئەو رووداوو و بارودۆخانەی کە باڵی کێشابوو بەسەر وڵاتدا و گشت شتێکی قۆرخکردبوو و لەمسەر بۆ ئەوسەری روسیای هەژاندبوو. ناتوانین لەم لێکۆڵینەوە کورتەدا باس لەو هەموو شاعیرە بکەین، لەبەرئەوەی پێویستی بە بەدواداچوونی زیاتر هەیە بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئاست بلۆك و یەسنین و برۆسۆڤدا دەوەستین.

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەرکێکی پێویست دەرکەوت لەبەردەم نووسەر و شاعیرەکاندا، کە ئەویش بنیادنانی رۆشنبیرییەکی نوێ بوو کە دەربڕی ئەو داواکارییە

زیندووانه بێت کە حکومەتە شۆڕشگێڕییە تازەکە پێشنیازی کردبوو لە چاوخشاندنەوە بە ڕۆشنبیری باودا و ڕۆشنبیرییەك بێنێتە ئاراوە کە قارەمانێتیەکانی میللەت لە بەرەکانی جەنگدا بەرز بنرخێنێت، لەکاتێکدا کە هێزی سەربازی چوارده وڵات بەشداربوون لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی سۆڤێتیدا.

ئەو ماوەیە بە زۆریی لایەن و هەڵوێستی فیکری جیادەکرێتەوە لەنێوان روناکبیراندا و زۆربوونی ئەو زنجیرە ئەدەبییانەی کە باسی لەو هەڵوێستانەی دەکرد وەك زنجیرەکانی برایانی سیرابیۆنۆڤ و لیڤ یان بەرەی لای چەپ و هاوڕێیانی مۆجیك و رێکخراوی روسی بۆ نووسەرە پرۆلیتارەکان و....هتد، کە لە کۆمەڵێك ناوچەی ئایدۆلۆجی جیاوازەوە دەردەچوو و بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەو ململانێ چینایەتییە توندەی کە وڵاتی گرتەوە رەنگدانەوەی هەبوو لەسەری کە جەنگی ناوخۆیی دەربڕینێکی خوێناوییە بۆ ئەو بابەتە.

هەڵوێستی زۆرێك لە نووسەر و شاعیرەکان هێشتا روون و ئاشکرا نەبوو، زۆرێك لەوانە دوودڵبوون لە داهاتووی شۆڕش و

ئەرك و کرداره شۆڕشگێڕییەکانی، بۆیە دوودڵی زاڵبوو بەسەر هەڵسوکەوتیانا و هەندێکجاریش ناڕوونی لە تێڕوانین و ئاڵۆزی لە هەڵوێستی هەندێکی تریاندا دیاربوو. هەروەها پارتی بۆلشەفیك ئەو بابەتەی بە گرنگییەوە سەیردەکرد و هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٢٥ بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بە سیاسەتی حیزب لە بواری ئەدەبدا، کە تیایدا پێویستیی پارێزگاریکردن لە پەتی ئارامی و دانبەخۆداگرتن لەبەرامبەر ئەوانەی کە بە هاوڕێیانی ڕێگا ناودەبران یان ئەوانەی نیشانەی پرسیارییان لەسەرە لەبارەی ئەرکەکانی شۆڕشەوە و کارکردن لەسەر باوەڕپێهێنانیان لە ڕێگای گفتوگۆی بەردەوامی شێنەییانە بۆ راکێشانیان بۆ ڕیزی شۆڕش.

سەرەڕای ئەوە هەندێك نووسەری شۆڕشگێڕ ئەوانەی لە بەرەکانی شەڕدا بەشداریی جەنگییان کردبوو دەگەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان، لەوانە: ڤادییڤ، شۆلۆخۆڤ، تیخۆنۆڤ و چەندانی تر، هەروەها توانییان کە کارە قارەمانێتییەکانی میللەت و ژیانی رۆژانە و کارکردنی چڕیان لەپێناو بنیادنانی ئابووری وڵاتدا بە تێڕوانینێکی شۆڕشگێڕانەی نوێ وێنا بکەن، بۆیە هەندێك رۆمانی خاوەن ناوەڕۆکی

شۆڕشگێڕی دەرکەوت نمونە: دۆنی ئارامی شۆلۆخۆڤ و تشابابیڤی فۆرمانۆڤ و دۆڕانی ڤادییڤ.

سەرەڕای دەرکەوتنی ئەو رۆمانانەش، بەڵام هۆنراوە هەر باڵادەستبوو بەسەر ژیانی ئەدەبیدا و کۆمەڵێك ئەستێرەی گەشاوە لە شاعیران دەرکەوتن لەوانە : مایاکۆڤسکی و بلۆك و یەسنین و بیدنی و برۆسۆڤ، کە هەوڵیاندا بە رێگا و شێوازی جیاواز وێنای واقیعی روسیای نویٚ بکەن، کە دواتر باس لە هەڵوێستی هەریەك لە بلۆك و یەسنین لەبارەی شۆڕش دەکەین و بەراوردی دەکەین لەگەڵ مایاکۆفسکیدا.

زۆرکەس وەڵامی بانگەشەکەی حکومەتی سۆڤێتییان نەدایەوە کە بەرامبەر رووناکبیر و شاعیرانیان کردبوو بۆ بەشداریکردن لە بنیادی رۆشنبیرییەکی شۆڕشگێڕی نوێدا، بەڵام کەمینەیەك و لە نێوانیاندا (بلۆك لبی) وەڵامیدانەوە و وتی : پێویستە و دەبێت بنیادی رۆشنبیرییەکی نویٚ بکرێت و داوای سەرکەوتن و پشتگیری شۆڕش بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی وەك مایاکۆڤسکی تا کۆتایی ببێتە شاعیری ئەو شۆڕشە.

بلۆك سیانزە ساڵ لە مایاكۆڤسكی گەورەتربوو و لەكاتی یەكەمین هەنگاوەكانی مایاكۆڤسكی لە مەیدانی هۆنراوە نووسیندا، بلۆك لە لوتكەی پێگەیشتنی هونەریدا بوو، بۆیە هەر لەسەرەتاوە بلیمەتی مایاكۆڤسكی بۆ دەركەوت و جیاوازی ئەوی بینی لەچاو ئایندەخوازەكاندا، كە ئاسوودە نەبوو پێیان و دەبووایە بلۆك بەرەنگاری زۆرینەیەك ببێتەوە و بەرگری لە بەهرە گەورەكەی مایاكۆڤسكی بكات.

رەتكردنەوەی بارودۆخەكانی پێش شۆڕش، كە مرۆڤایەتی مرۆڤی تێكدابوو، بووە هۆی كۆكردنەوەی مایاكۆڤسكی و بلۆك، كە هۆنراوەكانیان تێربوو لە بۆنی باروت و دوكەڵ و پریشكی ئاگر كە لە شۆڕش بەرزدەبۆوە و ئەو شۆڕشەی كە تیایدا دەژیان و لەپێناویدا كاریان دەكرد و لەم وشانەی خوارەوەدا هیوای جوانی بلۆك بەرامبەر داهاتوو هەست پێدەكەین (قابیلمانە ، تەنها لەوكاتەدا بژین كە داواكارییە بێ سنوورەكانمان بەڕووی ژیاندا دەربخەین، هەموو شتێك یان هیچ شتێك، كە چاوەڕێی چاوەڕواننەكراو بكەین ، باوەڕمان بەوە نەبێت كە لەسەر زەوی بوونی نییە،

بەڵکو بەوەی کە پێویستە ببێت سەرەڕای نەبوونیشی لە ئێستا و داهاتوویەکی نزیکدا، بەڵام هەتا ژیان بەچێژ بێت پێمان دەبەخشێت.)

رۆحی مرۆڤ لە هۆنراوەکانی بلۆکدا گۆڕەپانی ململانێکان بوو، کە دەبێتە هۆی دڕاندنی، لەکاتێکدا ئەو ململانێیە لەلای قارەمانەکانی مایاکۆڤسکی دەگوازرێتەوە بۆ گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی و ئەو کۆمەڵگا گێلە یەکدەگرن کە هەوڵدەدات بیبیانخنکێنێت، هەروەها پەنادەباتە بەر زۆر پێوەنان لە دەربڕینی خودی خۆیدا و دەڵێت: (ئەگەر وەك زەریایەکی گەورە، بچوك بوومایە) (ئەگەر کاڵ و کرچ بوومایە وەك خۆر). قارەمانەکەی خەڵك و شار و شەقامەکان دەدوێنێت .

بلۆك لە مەنەلۆجی ناوەکیدا لەگەڵ خۆیدا قسەدەکات و هەروەك بە (ل. ی. یتمافیۆڤ) دەڵێت: هێزی هۆنراوە رۆمانتیکەکانی لە رەتکردنەوەدایە نەوەك لە جەختکردنەوەدا.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر خەونی هەریەکە لە بلۆك و مایاکۆڤسکی بەدیهێنا لە لەناوبردنی سیستەمی ئەوکاتە و

دروستکردنەوەی کۆمەڵگایەکی نوێ لەسەر پەردووەکەی ئەو و بلۆك لەبارەیەوە دەنووسێت دەڵێت: چیدەکەین؟

سەرلەنوێ بنیادنانەوەی هەموو شتێك بەجۆرێك هەموو شتێك نوێ بێت و بۆئەوەی ژیانە درۆیینە قێزەونە بێزارکەرە شێواوەکەمان ببێتە ژیانێکی دادوەرانەی پاکی دڵخۆشکەرەی جوان. زۆرێك و لەناویانا بلۆك بڕوایان وابوو ئەو شۆڕشەی کە لە روسیادا هەڵگیرساوە گشت جیهان دەگرێتەوە و ئەو شۆڕشانەشی کە هەندێك ناوچەی ئەوروپای وەك هەنگاریا و ئەڵمانیای گرتبۆوە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی بووە پاڵنەرێك بۆ ئەو بیرۆکەیە، بۆیە قارەمانەکانی بلۆك باس لە (ئاگری جیهانی) دەکەن کە رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەگرێتەوە و هەروەها قارەمانەکانی مایاکۆفسکیش لە (سروودی چەپڕەو و نمایشی هەجوو ئامێزدا) بەهەمان شێوە باسی لێوە دەکەن.

مایاکۆڤسکی و بلۆك سوودمەندبوون لە کلتوری میللی و سەرەڕای جیاوازییان لە ئامانجدا گەلێك هۆنراوەی میللیان نووسی، مایاکۆڤسکی بەدوای دانانی گۆرانیی میللی شۆڕشگێڕییدا دەڕۆشت بۆ ئەو سەربازانەی کە دەچوونە

بەرەی جەنگەوە، بەڵام بلۆك هۆنراوەی میللی بە كتێب و تۆماری شۆڕشی دادەنێت، خەڵكیش لەسەر شەقام و شوێنی كارەكانیان بەگۆرانی دەیانگووتەوە، بۆیە ویستی سروودەكانی شۆڕش بنووسێتەوە كە باس لە گیانی ئەو سەردەمە دەكات كە تیایدا دەژیا.

هۆنراوەكانی بلۆك تێگەیشتنی بۆ شۆڕش روونده‌كاتەوە و بەرگری لەو توندوتیژی و دڵڕەقییە دەكرد كە شۆڕشگێڕەكان هانایان بۆ دەبرد، ئەو پێی وابوو بەكارهێنانی توندوتیژی  لەدژی دەرەبەگایەتی و تەنانەت لەدژی ئەنتڵجنسیا پێویستییەكی مێژووییە، چونكە رۆشنبیرەكان رۆڵ و ئەركی خۆیان بەجێنەهێناوە بەرامبەر میللەت و پێویستە سزای خۆیان وەرگرن و رووبەڕووی تۆڵەی خەڵك ببنەوە. ئەم رایە لە هەستكردن بە گوناهەوە هاتبوو بەرامبەر بە میللەت كە بلۆك بەدەستییەوە دەینالاند بەهۆی بەشدارینەكردنی لە تێكۆشاندا شانبەشانی میللەت، لەكاتێكدا ئەم هەستە مایاكۆڤسكی نەگرتبۆوە كە بە شان و باڵی شۆڕشدا هەڵیدەدا و بگرە  لە پێش و لەدوای روودانی شۆڕشیش دەنگدانەوەی بوو.

جیاوازییەکی گەورە هەبوو لەنێوان تێڕوانینی مایاکۆفسکی و یەسنینیش بۆ کێشەکانی سەردەم و بەتایبەت هەڵوێستیان بەرامبەر شۆڕش، لەکاتێکدا یەسنین نەیتوانی هەڵوێستێکی دیاریکراوی جێگیری هەبێت بۆ شۆڕش ، ئیدی جارێك بەباشە باسیدەکرد و جارێکی تریش لۆمەی دەکرد، هەروەها بەبەردەوامی بەهۆی ئەم ڕاڕایی و بێتواناییەی لە بەرامبەر ڕێکردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەینالاند و دوچاری گرێی دەروونی بووبۆوە و دەیووت : بەڵێ ، هیچ پێویستییەك بە بوونی من نییە لێرە.

یەسەنین ناوی شاعیری هۆنراوەی (١٥٠ملیۆن) بە شاعیرێکی بێ بەهرەی ناوبرد، لە کاتێکدا مایاکۆفسکی بەپێچەوانەوە مرۆڤێکی خاوەن بەهرەی مەزن و شاعیرێکی لێهاتووی تێدا دەبینی، هەروەها خۆکوشتنی یەسنین گشت کەسانی ناو ژیانی ئەدەبی هەژاند و مایاکۆفسکی لە هۆنراوەی (بۆ سێرگی یەسنین) باس لە کۆتاییە بەئازارەکەی دەکات کە لە گیانێکی سەرکێشەوە نەشونما دەکات بۆ وەستاندنی ڕێڕەوی ژیانی و دەڵێت:

تۆ وایت

توانیت بمریت

بەشێوەیەك كە

خەڵكانی تر

لە جیهاندا نەیانتوانی

یەسەنین گۆرانی بەباڵای شۆڕشدا هەڵدا و زۆر هۆنراوەی بۆ شكۆداركردنی شۆڕش نووسی كە لە یەكێكیاندا دەڵێت:

ئەستێرەكان گەڵاكان دەڕژێننە

رووبار و كێڵگەكانمان

بۆئەوەی شۆڕش

لەسەر زەوی و لە ئاسمانەكان

بژی.

خۆشەویستی یەسەنین بۆ شۆڕش خۆشەویستییەكی لەخۆڕا و خۆڕسك بوو، ئەو سەرچاوەی لە هۆشداری بە ئامانج و مەودا و گۆڕانكارییەكانی شۆڕش كە لە ژیانی كۆمەڵگادا دەیهێنایە دی وەرنەگرتووە و لە روانگەیەكی جوتیارانە و بەهۆی تێروانینێكی ئایینی و نمونەیی تاریكەوە

لێی تێگەیشتبوو و شتێکی سروشتیشە کە لەگەڵ واقیعێکدا بەریەکبکەون کە ئەو بەشێوەیەکی زۆر جیاواز وێنایدەکرد، هەروەها بنیادی سۆشیالیستی بەجۆرێکی تر بەڕێوەچوو کە ئەو نە پێی خۆشبوو و نە پشتگیریشی دەکرد، کە لە یەکێك لە نامەکانیدا دەڵێت: ئەمە سۆشیالیستێکی ترە جیاوازە لەوەی بیرم لێدەکردەوە.

ئەوەی کە زۆر دڵی پێی گرانبوو لەمەڕ بنیادی سۆشیالیستیدا بریتیی بوو لە دروستکردنی گوندی دواکەوتوو و دارمانی جیهانی جوتیاریی شێوە رۆمانتیکی لە خەیاڵیدا و هۆنراوەی (نوێژی بۆ مردوو) باس لە ململانێی دەروونی خۆی دەکات و رقی ئەومان بۆ دەردەکەوێت لەبەرامبەر جیهانی پیشەسازیدا، کە شەمەندەفەرە تێپەڕیوەکە بەنێو دەشتەکاندا بەرجەستەی ئەو رقە دەکات و دەڵێت:

شەمەندەفەرە پێ پۆڵایینەکەتان بینی؟
کە دەشتەکان دەبڕێت
خۆیشاردۆتەوە لەناو تەمی دەریاکاندا
و بە لووتە ئاسنینەکەیدا دەقیژێنێ.

پاشان وێنەی نۆمایەك دێت كە زەوییەكە دەبڕێت وەك ئەوەی لەگەڵ شەمەندەفەرەكەدا پێشكەوتن بكات و لەگەڵ نۆماكەدا دا بە خەم و ئازارەوە دەدوێت و دەڵێت:

ئازیزەكەم

ئازیزەكەم ، ئەی شێتە پێكەنیناوییەكە

بۆ كوێ ... بۆ كوێ پێشكەوتنی لەگەڵ دەكەیت؟

بەڕاست تۆ نازانیت كە ئەسپە زیندووەكان

شۆڕەسوارە پۆڵاییینەكان بەسەریدا سەركەوتوون.؟

واقیعی نوێ كە بە گۆڕانی سیفاتی گوندی روسی دەستیپێكرد وشێوازێكی تازەی لەخۆگرتبوو بووە هۆی دروستكردنی كارەساتێكی راستەقینە لە جیهانی بیر و ویژدانیدا، ئەو بە توندی و بە قوڵی ئازاری دەچێژت بەدەست ململانێی قورسی نێوان خۆشەویستی خۆی بۆ ژیانی گوندنشینی بەتریاركی(باوك سالاری: و) لە لایەك و گۆڕانی روسیا بۆ وڵاتێكی پیشەسازی پێشكەوتوو لە لایەكی ترەوە. پاشان ماوەیەكی كورت دێت كە زاڵدەبێت بەسەر ئەو بۆچوونە تاریكەیدا و ئەوەش لەدوای گەڕانەوەی

له دەرەوە لە ساڵی **١٩٢٣** و مایاکۆفسکیش تێبینی ئەوە دەکات و دەڵێت: ئەو بە حەزێکی روونەوە بۆ نوێگەری گەڕایەوە . هەروەها ئەو رۆحە گەشبینە لە هۆنراوەکانی (گەڕانەوە بۆ نیشتمان) و (روسیای سۆڤێتیی) و (نامەیەك بۆ باپیرم)دا بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

سەرەڕای ئەوەی یەسەنین هەر بەدەست بیرکردنەوە کۆمەڵایەتییە شێوە دیارینەکراوەکەی و تێڕوانینە تەماوییەکەی بۆ شۆڕش و بێ تواناییەکەی لە تەرخانکردنی ژیان و بەهرەکانی بۆ شۆڕش دەیناڵاند و ئەو ئازارە دەردەبڕێت و دەڵێت:

ئیرەیی بەوانە دەبەم
کە ژیانیان لە بەرەی جەنگدا بەسەربردووە
و بەرگرییان لە بیرۆکە مەزنەکان کردووە
بەڵام من، کە گەنجێتی خۆم کوشت
تەنانەت خاوەنی یادگاریش نیم.

مایاکۆفسکیش لە کتێبەکانیدا باس لە لەدەستدانی هیوا دەکات لەلای یەسەنین و باس لە ئازارە زۆرەکەی

دەکات لەو رووەوە ،ئەو دەمەی کە خەڵکی لە رووی بیروباوەڕەوە کۆدەکرانەوە و دەڵێت: ....لە دەروونیدا جۆرێك لە ئیرەیی هەبوو بەرامبەر گشت شاعیرەکان کە ببوونە ئەندامی شۆڕش و چینی کرێکار و رێگایەکی پڕ لە گەشبینی لەبەردەمیاندا دەبینی.

مردنی لینین لە ساڵی ١٩٢٤ ئەوی هەژاند، کە گەورەیی و مەزنی تیادا دەبینی ،کە توانیبووی (گشت گۆی زەوی بێنێتە لەرزە) و لە یەکێك لە هۆنراوەکانیدا لەبارەیەوە دەڵێت:

ناوی لینین
وەك رەشەبا بە زەویدا گوڕی دەخوارد
بیرۆکەکانی تاودەدا
وەك باڵی ئاش

هەروەها لەدوای هەوڵێکی زۆر توانی لەو وێنە ئەفسانەییەی کە بۆ سەرکردەی شۆڕشی کێشابوو رزگاری بێت، بەوەی کە هێزێکی مەزنی هەیە و ئەو هێزەش لە خەڵکانی تردا نییە و لە پێشتردا بە ئەبوهول دەیشوبهاند،

بەڵام ئەو وێنە ئەفسانەییە وردەووردە لەناوچوو و سیفاتە مرۆڤایەتییەکانی ئەو کەسایەتییە لەبەرچاویدا دەرکەوتەوە، ئەو دەڵێت:

بلّێ
لینین کێیە؟
بە ئارامی وەڵامی دایەوە
ئەوە — ئێوەن.

هەروەها یەسەنین بەقورسی گەیشتە ئەو تێگەیشتنە لەکاتێکدا ئەو تێگەیشتنە لەلای مایاکۆڤسکی روون بوو و لە هۆنراوەی لینیندا سیفاتی بەهێزی و ئەفسانەیی نەکردبوو بەبەر کەسایەتییەکەیدا، بەڵکو سیفاتی سەرکردەی ژیری تێدا دۆزییەوە کە توانی بەقووڵی لە واقیعی روسی تێبگات و بەرەو رزگاربوونی تاوبدا.

ئەو جیاوازییەی کە بە رووکەش لە ژیانی یەسەنیندا لەناوچوو لەناو قووڵایی ناخیدا مایەوە و جارێکی دی دەکەوتەوە و ئازارە دەروونی و پچڕانە ناوەکییەکەی زیادیکرد و گیروگرفتێکی راستەقینەی لەلا دروستکرد کە

له ساڵی ١٩٢٥ له لینینگراد بەرەو خۆکوشتنی برد، پاشان مایاکۆڤسکی خۆیکوشت بەڵام هۆکاری خۆکوشتنەکەیان جیاوازبوو که له جێگەیەکی تردا باسی لێوەدەکەین، هەروەها خۆکوشتنی ئەو دوو شاعیرە پرشنگدارە له ئاسمانی شیعری روسیدا له نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کۆتاییهاتنی زوو وەختی ژیانی هەریەك له شاعیرانی دیار پۆشکین و لیرمەنتۆڤمان دەخاتەوە یاد، که له نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا لەلایەن قەیسەرەوە کۆتایی به ژیانیان هات، ئەو چوار شاعیرە مردن له کاتێکدا هیچیان نەگەیشتبوونە تەمەنی چل ساڵی بەڵام هەر به هێمای دیار و گەشاوەی هۆنراوەی روسی دادەنرێن.

ناوی زۆرێك لەو شاعیرانەی که رۆڵییان له وێناکردنی رووداوەکانی شۆڕشدا هەبوو گەشایەوە لەوانە بیزیمنکسی ، م. سفیتلۆڤ و تیخۆنۆڤ، هەروەها (بالادا تیخۆنۆڤ ) ناوبانگی دەرکرد که به (بالادای بزمار) ناسرابوو لەکاتێکدا وێنەی پتەوی و بەهێزی ئارامگرتنی خەڵکی دەکێشا (گەر بزمارمان لەو خەڵکانە دروستکردایە، لەوە بەهێزتر نەدەبوو له جیهاندا، له بالاداشدا (بیریکۆب) وێنەیەك دەدات

لەسەر ژیانی سەخت و قورسی تێکۆشەرەکان و دانبەخۆداگرتنی هەڵقوڵاویان لەو باوەڕە بەهێزەی کە هەیانبوو بە کێشەکەیان. ئەو لە یەکێك لەپارچە هۆنراوەکانیدا دەڵێت:

ئەستێرەکان شانبەشانی یەك دەخزێن
و لە دارستانەکانی سەرودا رەشەباکە خاوبۆوە
کە تفەنگ و جانتا و دەمامکی گاز
و بارێك نان بۆ سێ کەس
تەمێکی کونکەری شینی پێچایەوە
نەرمی رەزەکان
ساڵی چوارەم بە شەو نەدەخەوتین
برسێتی و ئاگر و دووکەڵ خواردینی
بەڵام بەئەمەك بووین بۆ فەرمانەکان.

برۆسۆڤ چالاکییە ئەدەبییەکانی وەك ئەکتەرە هێماگەرییەکان دەستپێکرد و پاشان چووە پێگەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هێماگەری بە ( هۆنراوەی سێبەر لەبەرامبەر هۆنراوەی رەنگەکانی پێشتردا) دانا و بە

شێوازێکی شیعری نمونەیی دانەدەنا، بە رای ئەو ئەدەب لە گەشەکردنی بەردەوامدایە و لە چوارچێوەی دیاریکراودا دەستنیشان ناکرێت، و لەسەر هێماگەری پێویستە ( زمانێکی شیعری نوێ دروستبکات و کەرەستەکانی هۆنراوە سەرلەنوێ دابرێژێتەوە، ئەوە ئەرکی ئەوە).

هەروەها هەستێکی لە دوودڵی و بێ متمانەیی بۆدەهات لەبەرئەوەی ئاسۆکانی داهاتوو هێشتا ئاشکرا نەبووبوو لەبەردەمیدا و لەبارەی بێ ئارامییەکەیەوە دەڵێت:

ئێمەی هاورێیانی شەو بێ ئەستێرەین
بەدوای بەهەشتێکی نارووندا دەگەرێین.

هەروەها لە خۆشەویستیدا بەخششی ئەو دوودڵییە فیکریی و تەنگوچەڵەمەیە دەدۆزێتەوە کە تیایدا دەژی و خۆشەویستی بە شێوازێکی بەهێزی توند وەردەگرێت بەڵام قارەمانەکە ناتوانێت بەتەواوەتی گوێرایەڵی هەستە راماڵاوییەکانی بێت، بۆیە لە خەم و ئازارەکەیدا دەمێنێتەوە و بەم شێوەیە دەژی (خەونی لاواز و خۆشەویستی بێ سوود) و ( ناتوانم هیچ کەسێکم خۆشبوێت).

برۆسۆڤ بەرەو ڕێگای کۆمەڵێك بابەت ملدەنێت کە تایبەتە بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە و دەچێت بۆ وێناکردنی شار، کە لە پێشدا مایاکۆڤسکی باسیدەکرد و شاری سەردەمیانەش لەخشتەی نابات ، چونکە پەیوەندییە نامرۆڤایەتییەکان باڵی بەسەردا دەکێشێ، پاشان دوای دوو وێنەی جیاوازی مۆسکۆ دەکەوێت، یەکەمیان بازاڕ و خانووە تەسکە ڕازاوەکانی بە وێنەی سەردەمی منداڵی دێتەوە یاد و دووەمیش شارە سەرمایەدارە نوێیەکە کە دەنگەدەنگ و کارگەی ئاسن و تەلار و بەگەڕخستنی تێدایە.

پاشان لەداوی دامرکاندنەوەی شۆڕشی ١٩٠٥ شاعیر تووشی بێ هیوایی و بێ متمانەیی بوو لەمەڕ هەڵگێڕانەوەی سیستەمی ئەوکاتەدا، بەڵام تروسکاییەك لە هیوا بە گەردەلوولی ئاییندە بەردەوام بەدوایەوە بوو، کە شۆڕشی ئۆکتۆبەریش هەڵگیرسا هەستی خۆشی و گەشبینی داگیریکرد و شۆڕش دەستیگرت بەسەر گشت سروشت و ئاواتەکانیدا و لە هۆنراوەی(ئۆکتۆبەری ١٩١٧) بەرزدەینرخێنێت و دەڵێت:

تۆ بەرزترین مێژووە پیرۆزەکانیت

بەرزتریت لە دیسەمبەر کە ساڵی ١٩٠٥ ی
پێیدەرکەوت
و لە فێبرایەری ١٩١٧ بەرزتریت
دەدرەوشێیتەوە ئەی ئۆکتۆبەری دڵگیر.

هەروەها دڵخۆشی و گەشانەوەی خۆی لە هۆنراوەیەکدا کە لەساڵی ١٩٢٠ نوسیویێتی دەردەبڕێت بەهۆی ئەوەی لە گەردەلوولی ئۆکتۆبەردا ژیاوە و دەڵێت:

گرمەی ساڵی ١٩٠٥
رەهەندەکانی ئازادییە دوورەدەستەکەی دەرخست
و بەهۆی گێژەڵووکەی جەنگە سەختەکەوە
ئۆکتۆبەر جێگای فێبرایەری گرتەوە
......
رەنگە لەچارەم نەنووسرابێت
ئەو کۆتاییە ببینم کە لە دوورەوە دەگەشێتەوە
بەڵام دڵخۆشم بەوەی کە
مەزنترین ژیان ژیاووم لەسەر رووی زەوی.

برۆسۆڤ لەژێر ئاڵای ئۆکتۆبەردا چەمایەوە و چووە ریزەکانی حیزبەوە و لەپێناو بنیادنانی رۆشنبیری نوێدا کاریکرد و لەلایەکی ترەوە پێشبڕکێ لەسەر بیرۆکەی دامەزراندنی پەیمانگایەکی هونەری ئەدەبی باڵا بوو بۆ نووسەرە تازەپێگەیشتووەکان، بۆیە دەیویست کاری زۆر بکات و زۆر ئاوات بێنێتە دی کە بە باڵای شۆڕشدا هەڵیواسیبوو بەڵام لە ساڵی ١٩٢٤ کۆچی دوایی کرد.

هەڵوێستی ئەو شاعیرانەی کە باسمان کردن زۆر لەیەك جیاوازبوون بەرامبەر بە شۆڕش ، ئەویش بە جیاوازی تێڕوانینی فیکرییان، بەڵام هەموویان پێشبینی باشیان بۆکرد و ئەو رووناکییەیان تیادا بینی کە گشت کونج و کەلەبەرە تاریکەکانی ژیانی کۆمەڵگای روسی رادەماڵێت.

# گەشەسەندنی تێگەیشتنی
# شۆڕشگێڕیی مایاکۆڤسکی

مایاکۆڤسکی هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە باوەڕی بە شۆڕش هەبوو، چونکە شۆڕش خەڵك لە یەکتری نزیك دەکاتەوە و پارچەکانی جیهان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە بۆ هەر یەکێك کە هەست بە ئازارەکانی مرۆڤایەتی و برینەکانی دەکات و مرۆڤ بە تەنیا و گۆشەگیری نامێنێتەوە و ئەم ئاواتەی دەردەبڕێت و دەڵێت:

لەپێناوی ئەوەی
گشت زەوی بسورێتەوە
لە یەکەم هاواردا:
-هاوڕێ-.

بەڵێ.. نابێت مرۆڤ بێدەنگ بێت لەمەڕ ئازارەکانی مرۆڤی برایدا لە هەر شوێنێك و لە هەر کاتێکدابێت، پاکبوونەوەی مرۆڤ لە بیرتەسکی و خۆویستی و تاکڕەوی لە ڕێگەی شۆڕشی خوێناوییەوە دەبێت کە خودی مرۆڤ لە خودی مرۆڤەکانی تردا دەتوێنێتەوە و لە جیهانە بچوکەکەیەوە دەیگوازێتەوە بۆ جیهانێکی گەورە تر و ژیانی ویژدانی و فیکری دەوڵەمەند دەکات و ڕۆحێکی گەشبین و باوەڕ بەخۆبوون و خرۆشاندنێکی ناوەکیی پێدەبەخشێت.

پێویست بوو لەسەری بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ئەو کۆمەڵگایە بکات کە تیایدا دەژیا، لەکاتێکدا ژیانی مرۆڤی پیس و شێوێنراو و داڕووخاو کردبوو، هەر بەو هۆیەشەوە شاری ئەوکاتە لە هۆنراوەکانی سەرەتایدا بوونی نییە، ئەو شارەی کە ڕووخسارە پێشکەوتنخوازە پرشنگدارەکەی نەبووە هۆی سەرنجڕاکێشانی ئەو، بەڵکو لەپشت ئەو ڕووکەشە پێشکەوتنخوازە بریقەدارەوە ژیانێکی بۆ دەرکەوت کە پڕبوو لە ستەم و بەگەڕخستن و شەڕ، کە خەڵك لە دەستاڕی خۆیدا داهاڕێت.

بۆیە ئەو شارە بە دەنگەدەنگ و ژیانە گرژە تیژڕەوەکەیەوە کاردانەوەی لە دەروونیدا بەجێهێشت لەدژی ئەو شێوازە و لە هۆنراوەیەکدا بەناوی(شارە گەورەکە)کە لە ساڵی ١٩١٣ نووسیبووی دەڵێت:

پەنجەرەکانی ناو شارە گەورەکە شکابوون
بۆ پارچەی بچووك کە گڕوبڵێسەی دۆزەخی دەمژی و
وەك شەیتانە سوورەکان دووکەڵی ئۆتۆمبیلەکانی
بەرزدەکردەوە و
راستەخۆ گرمەگرمی لە گوێدا دەبیسترا

لە تراژیدیای (ڤلادیمێر مایاکۆفسکیدا) وێنەیەکی ترسناکی شارە سەردەمیانەکە دەردەخات، کە مرۆڤی پیسکردبوو. هەروەها لەبەردەمماندا رووخساری مرۆڤی شێواو دانراوە، ئەوە روخساری درێژبۆتەوە و ئەوە گوێی بڕاوە و ئەویتر قاچی قرتاوە و ئەوەش چاوی لەدەستداوە. ئەو تارمایی ئادەمیزادە چڵکاوییە بەرهەمی شارە نوێیەکەیە و رەنگدانەوەی شێواندنە ناوخۆیی و گەندەڵییەکەیەتی.

شاعیر وێنای ئەو خەڵکە پانکراوەیە ناکات وەك تۆپەڵێکی وەستاوی بێ جووڵە، بەڵکو ئەو بەرگەدەگرێت و سەرکەشی دەکات و هەڕەشە دەکات بە شۆڕش و یاخیبوون و بەبەکارهێنانی وشە و دەربڕین باس لەو وروژاندنە ناوخۆیی و ناسەقامگیرییەکە دەکات کە لەو بابەتەوە سەرهەڵدەدات، نمونە: دوودڵی ، زەردی، دەرپەڕین، زۆربوونی پشێوی، کە بە شێوەیەکی تایبەت لە کۆتایی تراژیدیاکەدا دەنگی دەهۆڵ هاوڕێیەتی دەکات و کەشەکە پڕ دەبێت لە هەڕەشەی گەردەلولی شۆڕش.

شاعیر خۆی بە سەردەستەی بانگەشەکەران بۆ سەرکەشی دادەنێت، هەروەها ئەو لەش قورس و هیلاکە لەمەڕ ئازار و فرمێسکی خەڵکی تر و زۆر هەست بەگەشبینی ناکات، سەرکەشیش بەبەرگێکی نامۆ دەشوبهێنێ(سەرکەشی لە دەمێکی خواری گەورە دەچێت) و شۆڕشیش بە بەبەکارهێنانی هێزەکەی و هەڵچونەکەی تەنها خەڵك ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو کەلوپەلانەش رادەماڵێت کە تێکەڵ بە شۆڕشی خەڵك بوون، پاشان شاعیر ئەو شت و وشانەی دەریاندەبڕێت پێکەوە دەیانگونجێنێت و

فاکتەرەکانی رەشبینی تێکەڵدەکات بە رەگەزەکانی سەرکەشی و هەستکردن بە قوربانیدان.

ئاسۆ و رەهەندەکانی شۆڕش تا ئێستاش سیفات و ئەدگاری روون و ئاشکرا نییە، بەڵام وردەووردە لەبەردەمیدا و بە تایبەت لە هۆنراوە و شیعرەکانیدا لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئاشکرا دەکات.

داستانە هۆنراوەی ( هەوری شەرواڵ لەپێ ) یەکەمین پێشبینییە شۆڕشگێڕییەکانی تۆماردەکات و باسی ئەوە دەکات کە خۆشەویستی و هونەر و مرۆڤ بە پارە دەکڕێت و دەفرۆشرێت و لەکاتێکیشدا کە لەبەردەم مەکسیم گۆرکیدا خوێندییەوە ترسی هەبوو لەمەڕ رای ئەودا بەڵام دوای تەواوبوونی لە خوێندنەوەی هۆنراوەکە، دەبینێت فرمێسك لەچاوی دێت و بەم سەرسامبوونە بێدەنگە دڵخۆشبوو.

ئەو داستانە هۆنراوەیەی لە ساڵانی ١٩١٤ - ١٩١٥ نووسی لەکاتی هەڵگیرسانی بڵێسەی جەنگی جیهانی یەکەمدا و تیایدا بانگەشە بۆ خەڵکە برسی و چەوساوەکان دەکات کە شۆڕش بکەن، بەڵام بیرکردنەوەی لە شۆڕش بە پەرۆشی و ناکامڵی جیادەکرێتەوە و بە چاویلکەیەکی

ئاسایی سەیریدەکات، هەوری سپی گەڕۆك کرێکاری سپیمان دێنێتەوە یاد و هەورەگرمەکەی ئاسمانیش بە شۆڕش دادەنێت، هەروەها زۆر رۆشتووە لە بەکارهێنانی لەیەکچوون و زۆر پێوەنان لە دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەی کە دەیەوێت ، هەرچەندە لە پێشتردا رەخنەی لەو شێوازە گرتبوو، چونکە بەکارهێنانی (بۆ نمونە، بۆ نمونە، بۆ نمونە) مانای بێ ئەزموونییە لە نووسینی هۆنراوەدا.

هەروەها لێرەدا شۆڕش بە هێرشکردنە سەر بەها کۆمەڵایەتییە باوەکان بەراورد دەکات، بەجۆرێك کە دەسەڵاتی پارە باڵ بەسەر گشت شتێکدا دەگرێت، لێرەدا شاعیر باس لە کارەساتەکانی ناخی دەکات، کە کچێکی بەناوی ماریا خۆشویستووە و کچە حەزینەکردووە ئایندەی خۆی بەوەوە ببەستێتەوە و پاشان دەستگیرانە دەوڵەمەندەکەی و باسیش لە ئازارە ویژدانییەکانی دەکات و دەڵێت:

هاتیتەژوورەوە

تیژ وەك وشەی —بگرە-

پەستان تدەخستە سەر دەستکێشە چەرمەکەت

و وتت:
دەزانیت؟
شوودەکەم
چییە؟ شووبکە
هیچ نییە
خۆڕاگر دەبم
نابینی، چەند ئارامم
وەك ترپەی
مرۆڤێکی مردوو
لەبیرتە
وتەکەت:
جاکی لەندەن
پارە
خۆشەویستی
حەز
من بەتەنیا دەیبینم
تۆ جۆکەندایت
کە دەبووایە بمزیایە

بەڵام لێیان دزیم.

ئەو ئارامییە رووکەشە هێمایە بۆ لێکترازانی قووڵی دەروونی، کە شاعیر پێوەی دەناڵێنێت، چونکە خۆشەویستەکەی لێی ونبووە و بە تەنیا ماوەتەوە و بەدەست تاڵیی خۆشەویستییەکی ونەوە دەناڵێنێ، هەروەها لەگەڵ ئەکتەرە بێ بەهاکانی کۆمەڵگادا دەدوێت و دەڵێت:

ئاخ
خۆشەویستان
ئەوانەی کە پێتانخۆشە
پیرۆز پیسبکەن
و تاوان
و سەربڕین
و لەوەش خراپتر
ئێوە
رووخساری منتان بینی
کاتێك
کە بە

تەواوەتی ئارام بووم؟
هەستدەکەم
کە قەوارە و بارستاییم
تەنگی پێهەڵچنیوم و
شتێك لە ناخمدا بە بەهێزی هەڵکەنراوە.

هەروەها شۆڕشەکەی لە وشەی ئەم هۆنراوەیەدا بەرزتر دەبێتەوە کە دەڵێت: بابڕوخێ خۆشەویستییەکەتان، بابڕوخێ هونەرەکەتان! بابڕوخێ سیستەمەکەتان! بابڕوخێ ئایینەکەتان.

قارەمانە نەتەوەییەکەی هۆنراوەکانی مایاکۆڤسکی لەپێش شۆڕش ڕەنگێکی سۆزداری ڕۆمانتیکی پۆشیبوو و بەشێوەیەکی تایبەت باس لە ئازار و خەمەکانی دەکات، هەروەها باس لە ئازاری خەڵکە پانکراوەکان دەکات لە کۆمەڵگادا و شۆڕشیش بریتیی بوو لە تێڕوانینێکی تەواو ناڕوون بۆ داهاتوویەکی باشتر.

پاشان مایاکۆڤسکی بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیکرد لە شۆڕشی شوباتی ١٩١٧، و شۆڕش بەتەنها نەبووە

چاوەڕوانی و پێشبینیکردن، بەڵکو بووە ڕاستییەکی بەرجەستەکراو و ئەو لەو کەشەدا دەژیا و هەواکەی هەڵدەمژی، هەروەها ئەو هەڵوێستە لە هۆنراوەکانی دواییدا ڕەنگیدایەوە کە وێنای ئەو ڕووداوە گەورە و خرۆشاوییانەی دەکرد کە بلێسەی سەندبوو لەلای خەڵك و هۆنراوەکانی ئەو ماوەیەی بە دینامیکی و گەرموگوڕی شۆڕش دەناسرێنەوە.

ئەو وێنە ڕاستەقینە وردەی کە بۆ ڕووداوەکانی کێشابوو، هۆنراوە نوێکانی لە کۆنەکان جیادەکاتەوە، چونکە گرنگیدابوو بە ناوهێنانی شوێن و کاتی ڕووداوەکان، کە لە هۆنراوەیەکدا بەناوی(شۆڕش، تۆمارێکی شاعیرانەیە). وێنەی بەرجەستەکراوی ڕووداوەکان تێکەڵدەکات بە وێنەی خواستراو، ئیدی خانوو و شەقامەکان و شتە جیاوازەکانیش بەهەمان شێوە بەشداری لە شۆڕشدا دەکەن بۆ ئەوەی هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی دەربخات، هەروەها تێبینی گرنگیدانی شاعیر دەکەین بە ڕووداوە مێژووییەکان و باسی کات و شوێن و ناوی دەستەکان دەکات بۆئەوەی زنجیرەیەکی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی شۆڕش دەربخات و گوێمان لێدەبێت دەڵێت:

٢٦ شوبات، سەرخۆشەکان لەگەڵ پۆلیسدا

بەیەکداهەڵدەپژێن

سەربازەکان تەقەیان لە میللەت دەکرد

٢٧

بەرەبەیان

بەسەر بریق و باقی دەمی تۆپ و قەمەکاندا رژا

ئەرخەوانی درێژ

لە سەربازگە شێدارەکە

تیژ

بەئاگا

دەستەکەی ڤۆلینسکی نزایانکرد

سرییەکان

سوێند بەخوا سوێندی سەربازەکانی دا

بە سوێندێکی قورس

لێدەری بەرەکانی جەنگ نزایان کرد و ناوچەوانی خۆیان

دا بەسەر زەویدا

خوێن گرتنی و دەماری لاملیان لە تورەییا دەرکەوت

بە توندی دەستیان نایە سەر تفەنگەکانیان

کاتژمێر نۆ
له شوێنه جێگیره‌که‌مان
له خوێندنگای ئۆتۆمبێله جه‌نگییه‌كان
ده‌وه‌ستین
لێوان لێوین به سه‌ر بازگه‌كان
دوودڵیمان لێده‌ڕژێت
پێشبینیكردنه‌كان سه‌یر و دڵخۆشكه‌رن.

هه‌روه‌ها ئاماژه به ده‌سه‌ڵاتی ده‌وڵه‌تی داڕووخاوی قه‌یسه‌ری ده‌دات وه‌ك هه‌ڵۆیه‌كی دوو سه‌ر، به‌ڵام هه‌رچی شۆڕشه به ده‌می قه‌مه‌كان وه‌سفده‌كات كه هێما بۆ هه‌ڵۆكه ده‌كات و ململانێیه‌كی گه‌رم و توند له‌نێوانیاندا رووده‌دات و به سه‌ركه‌وتنی شۆڕش و كه‌وتنه‌خواره‌وه‌ی هه‌ڵۆكه كۆتایی دێت.

له هۆنراوه‌ی (وه‌ڵامدا) ناڕه‌زاییه‌كان به‌رزده‌بێته‌وه بۆ هه‌ڵگیرسێنه‌رانی جه‌نگی جیهانی یه‌كه‌م و سروشته داگیركارییه‌كه‌ی ده‌خاته‌ڕوو و ده‌پرسێت بۆچی هه‌موو كه‌س به‌ده‌ست ئه‌م جه‌نگه‌وه ده‌نالێنن و له به‌رژه‌وه‌ندی كێیه؟

پاشان وەڵام دەداتەوە کە ئامانج لێی دەوڵەمەندتر کردنی هەندێك دەوڵەمەندە و بەشکردنی دەستکەوتەکانە لەنێوان خۆیاندا.

دەهۆڵەکانی جەنگ لێدەدرێن و لێدەدرێن
بانگەشەی داکوتانی ئاسن دەکات بە گیانەوەراندا
و لە هەموو جەمسەرێکەوە
بەندە لەدوای بەندە
دەدرێنە بەر ئاسنی قەمەکان
بۆچی؟
زەوی دەلەرزێ
لەبرسا
بەڕووتی
مرۆڤایەتیش لە خوێناوا دەشۆردرێت
تەنها
بۆئەوەی
لە جێگەیەکدا
کەسێك لە ئەلبانیا دەوڵەمەند بێت؟

پاشان رووی دەمی دەکاتە سەربازەکان و داوای سەرکەشی و چەك دانان و نەجەنگانیان لێدەکات لەگەڵ یەکدا و هۆشدارییان دەداتێ و دەڵێ:

کەی بەڕێکی و بەهەموو قەڵافەتتەوە دەوەستیت

تۆ

کە ژیانی خۆتیان پێدەبەخشیت

کەی ئەم پرسیارە دەکێشیت بە چاویانا ؟

بۆچی دەجەنگێن؟

ڕۆژی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە ڕۆشنترین ڕۆژ دادەنێت لە ژیانی خۆیدا، کە لەو کاتەدا لە بارەگای سەرکردایەتیکردنی شۆڕش بوو و چاویکەوت بە لینین، هەروەها لەدواییدا شۆڕش ڕێڕەوی بیرکردنەوەی گۆڕی و (ز. بابیرنی) ئاماژە بەو لایەنە دەدات و دەڵێت: ئۆکتۆبەر وەك ڕزگارکەرێك وابوو بۆ مایاکۆفسکی، ئەو بەجۆرێك لە شۆڕش تێگەیشتبوو کە لەپێش هەموو شتێکدا نێردراوە بۆ ئازیزترین شت لە ژیاندا کە ئەویش مرۆڤایەتییە.

شۆڕش هەست و بیرکردنەوەی داگیرکرد و لە هۆنراوە و شانۆکانیدا تێگەیشتن و خۆشەویستی خۆی تیا بەرجەستە دەکرد، کە لە شانۆیی (نمایشێکی هەجوو) کە بۆ یادی یەکەمی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٨ نووسیبووی و لە یەکێك لە شانۆکانی بیترۆگراددا نمایشکرا، شۆڕش بە جیهانی لەناوبراو دەناسێنێت کە لە ژێر لێدانەکەیدا لە روسیا داڕووخابوو، هەروەها پارچە نووسراوەکە لەژێر ناونیشانەکەیدا ناوەڕۆکەکەی دەردەخات، کە وێنایەکی قارەمانانەی داستانانەی هەجووە بۆ سەردەمەکەمان.

لەو شانۆییەدا باس لە هەردوو شۆڕشی شوبات و ئۆکتۆبەر و پێشبینی شۆڕشی داهاتوو و ریزبەندی هێزەکان دەکات و رووداوەکانی شیدەکاتەوە. هەروەها شۆڕش بە تەقینەوەی ململانێی چینایەتی بەکارهێنراو دەبینێت، پاشان پەنا دەباتە بەر بەراوردکردنی وتەی ئەو کەسانەی بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەستان وەك: میللەتم زۆر خۆشدەوێت. و کار و پارێزگاریکردنیان لە بەرژەوەندییە سوودمەندە تەسکەکانیاندا.

هەروەها لە نمایشەکەیدا بەراورد دەکات بۆ نمونەی چەوسێنەران و چەوساوە کە کاری قارەمانانە و قوربانیدان و بەرپەرچدانەوەی خود لەلای چینە پلیشاوەکان دەردەخات و بە گاڵتەپێکردن و رابواردنەوە باس لە کەسایەتییە چەوساوەکان دەکات، لەلایەکی ترەوە ئەو لە وێناکردنەکەیدا بۆ شۆڕش کۆکردنەوە دەکات لەنێوان لایەنی قارەمانێتی شۆڕش کە گشت شتێکی مەزن و جوان دەگرێتەوە و لەلایەکی تر شتە بێ مانا بچووکەکان کە قابیلی رەخنەلێگرتنە. ئەو شێوازە تێکەڵکردنە لەنێوان قارەمانێتی و هەجوودا شێوەی بنیادنانی شانۆییەکەی پێ جیادەکرێتەوە و بەم شێوازە توانی روخساری شۆڕشی سەردەم و هێزی بزوێنەری ناو ئەو شۆڕشە لە کارەکەدا رەنگپێبداتەوە.

هەروەها ئەم شانۆییە بە جۆری هۆشداریی شۆڕش جیادەکرێتەوە کە باڵی بەسەر بینەردا کێشاوە، کە لە شانۆیی ڤلادیمێر مایاکۆفسکیدا ئەوشاعیرەی بانگەشەی سیفاتی جیاوازی تێکدەرانەی شۆڕش دەکات بە پێچەوانەی ئەو واقیعەی کە تیایدایە. لەکاتێکدا کە لە شانۆیی نمایشی

هەجوودا تێڕوانینێکی روون لەلای شاعیر دەردەخات کە درێژکراوەی ئەو واقیعەیە کە وڵات تیایدا دەژی و چینی کرێکاریش هێزی بزوێنەری شۆڕشە، هۆشداری و تێگەیشتن لە شۆڕش و رۆڵی تێیدا، کە خەونەکە بە بەهەشت تەواو دەبێت و رەهەندەکانی داهاتوو ئاشکرا دەبێت.

پاشان لە ساڵی ١٩١٩دەستیکرد بە نووسینی هۆنراوەی داستانی(١٥٠ملیۆن) و لە ساڵی ١٩٢٠ تەواویکرد و تیایدا وێنەی ئەو گەردەلولەی شۆڕش دەکات کە لەو کاتەدا ئەوروپای گرتبۆوە و ئەو پەیوەندییە قووڵەی کە لە نێوان ئەو شۆڕشە و تێکۆشانی کۆماری سۆڤێتی لاودا هەبوو، درێژبوونەوەی شۆڕشیش کە روسیای تەنیبوو درێژبۆوە بۆ گشت جیهان و لێرەوە جیاوازی چینایەتی توندتر بوو، چونکە چینە پلیشاوەکان لەگەڵ رێچکەیەکی شۆڕشی بەهێزدا دەڕۆشتن کە پێگەی سیستەمی ئەوکاتەی هێنابووە لەرزە، بۆیە کۆمەڵگا دابەشبوو بەسەر دوو بەرەدا،کە هیچیان نەرمونیانییان نەدەزانی لە تێکۆشان دژی ئەویتریان، ئەم کۆکردنەوە لە هێزدا ئەو کەسانەی

ڕەتکردەوە کە لەسەر دوو پەت یارییان دەکرد ، یان ئەوەتا لەگەڵ شۆڕشە یان دژێتی و دەڵێت:

له خڵتەی راستییه بچووکەکاندا
تەنها راستییەك دەرکەوت
لەناکاو
ناوەڕاست نەما
هیچ ناوەڕاستێك لەسەر زەوی بوونی نەما.

مایاکۆڤسکی شێوازی داستانی قارەمانێتی روسی و ئیغریقی بەکارهێناوە لە دەربڕینی ناوەڕۆکە نوێیەکەیدا، تیایدا ئیڤان جیهانی شۆڕش دەردەخات و وێڵسنیش جیهانی ئیمبریالیزم و ململانێیەکی توند لەنێوانیاندا دەگوزەرێت، ئیڤان سەراپا بەرجەستەی روسیای شۆڕشگێڕیی دەکات و شاعیر لەوبارەیەوە دەڵێت:

.....روسیا
هەمووی
یەك ئیڤانە
دەستی

## روباری نیڤایه

### و بنە پێی — دەشتی قەزوینە

هەروەها لە پێشتردا هەریەك لە شاعیران لۆمۆنۆسۆڤ و دیرجاڤین کەسایەتی قارەمانە زەبەلاحەکەیان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی وێنەیەکی روون بۆ ئادگار و روخساری وڵات و لەلای ئیڤانیش تێبینی هەمان شت دەکەین، کە دەستی روباری نیڤایە و بنە پێی دەشتی قەزوینە، هەروەها بە روسیادا دەگەڕێت و مەودا درێژ و پانەکانیش دەپێچێتەوە و بە دەرخستنی جەور و ستەم و هێزی خۆی دەنوێنێت.

بەکارهێنانی ئەو شێوازی هۆنراوەیەی کە شیعری روسی شارەزاییەکی بەرفراوانی تێدا هەیە و بەتایبەت لەگەڵ هەریەك لە لۆمۆنۆسۆڤ و دیرجاڤین، کە ئەم دوو شاعیرە بۆ دەربڕینی جەور و ستەم و هێزی دەوڵەتی روسی بەکاریانهێناوە، ئەم شێوە شیعرییە یارمەتیداوە لە وێناکردنی هێزە ململانێکەرەکان و هێزی شۆڕش و جێگیربوونی، پاشان ئەو شۆڕشە و هەردوو داستانی ئۆدیسا

و ئەلیازە بەرامبەر دەکاتەوە و دەبینین (سالانی برسێتی لە ئۆدیسا و شۆڕشە خوێناوییەکەی ئەلیازە) و داگیرکردنی بینەرە میللییەکان رۆڵی سەرەکی لەم هۆنراوەیەدا داگیردەکەن و پاشان رۆڵی دیاری ئەو شاعیرەی کە رۆڵەکە دەگێڕێت لە (هەوری شەرواڵ لەپێ ) و ( شۆڕش. تۆمارێکی شاعیرانەیە )دا.

دواتر شاعیر لە ساڵی ١٩٢٠ دەستیکرد بە چاوخشاندنەوە بە شانۆییەکەیدا، بۆئەوەی لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەگەڵ مانا نوێیەکەیدا بگونجێت و باسی لە تێنگەیشتنی شێوازی هونەری ناوەڕۆکی شۆڕش کرد و پێشنیاری پێویستی نوێبوونەوەی شێوازی هونەری خستەبەردەمی کە داستانە هۆنراوەی ( نێونەتەوەیی پێنجەم ) پێوەی دەنالاند و لەساڵی ١٩٢٢ لە نووسینەکانیدا باسی لێوەکرد، کە ئەویش بریتیە لە تێڕوانینی بۆ جیهان لەداوی پەنجا ساڵێ تر، پاشان کەسایەتی شاعیر جارێکی تر دەردەکەوێتەوە بۆئەوەی رۆڵی سەرەکی بگێڕێت بەڵام جیاواز لە کەسایەتی تراژیدیای ناو ڤلادیمێر مایاکۆڤسکی و ( هەوری شەرواڵ لەپێ) ئیدی لێرەدا فەلسەفەی بۆ ژیان

گۆڕا و باوەڕی بە سۆشیالیستی و واقیعی نوێ پەیداکرد، هەروەها کەسایەتی شاعیر بە کەسایەتی قارەمانە بەهێزەکە بەناوی سڤیتاگۆر بەراورد دەکات، کە جەوروستەمەکەی لە خەڵکەوە دەستکەوتبوو و سەرکەوتنی شۆڕش بەرز ڕادەگرێت و کاردەکات بۆ پتەوکردنی ئەو سەرکەوتنە و دەیەوێت پریشکی بورکان و هەورەگرمە و باران کۆبکاتەوەو بیهاوێتە دوژمنەکانی.

زاراوەی زیادەڕۆیی و پێوەنانی بەکارهێناوە لە دەربڕینی کەرەستە و ئامانجەکانیدا، کە ئەگەر قارەمانە بەهێزەکەی داستانە هۆنراوەی(١٥٠ ملیۆن) لەمپەڕ بۆ ئەوپەڕی روسیا بتەنێت، ئەوا لەم هۆنراوەیەدا گشت گۆی زەوی دەگرێتەوە و وێنەیەکی خەیاڵاوی وەردەگرێت و سیفاتە مرۆڤایەتییەکانی لەدەستدەدا، کە تاوێك شێوەی تەلارێك بەرجەستە دەکات وەك وێستگەیەکی رادیۆیی گەورە و تاوێکی تر دەگۆڕێت بۆ پێکهێنراوێك لە تەلی رۆشن. کە قارەمانەکە کۆکراوەیەکە لە سروشتی مرۆڤایەتی و سروشتی کەلوپەلە جوڵاو و نەجوڵاوەکان.

هەروەها مایاکۆفسکی ئەسپ و شۆڕەسوارە کلاسیکییەکان لە شیعری روسیدا بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی شۆڕش و هەندێك لە رەخنەگران پەنجەیان بۆ بوونی هەندێك لەیەکچوون درێژکردووە لەنێوان ئەم باوەڕە و لەنێوان ئەسپسواری مسینی پۆشکیندا، کە هەریەکەیان بەهۆی هێنانی وێنەی شۆڕەسوار و ئەسپسوارەوە باسیان لەو ناوەرۆکە کردووە. کە شۆڕەسوار لە (ئەسپسواری مسیندا) هێمایەکە بۆ روسیا کە بوتروسی گەورە جڵەوی کارەکانی بەدەستەوەیە، بەڵام لێرەدا هێمایە بۆ روسیای شۆڕش، هەروەها ئاگر لە هۆنراوەکەدا بەستراوەتەوە بەو وێنەیەوە کە باس لە شۆڕش دەکات وەك ( قەڵەمبازێکی ئاگرین) و (پشتێنەی ئاگرین) کە هەمیشە ئاگر دووبارە دەبێتەوە و کەشەکەی پڕکردووە لە گڕ و تینی شۆڕش و دەڵێت:

کاتێك

ئۆکتۆبەر

لەدایکبوو و

بە تینە بەلێشاوەکەی داپۆشین

دەرکەوت

تەنانەت ناتوانرێت دەست بەسەر دووکەڵەکەشدا

بگیرێت

ئێوەن

کە

بەدەستە ئاسنینەکانتان

جڵەوی شۆڕشە ئاگراوییە داخبووەکەتان گرتووە

بەدەستەوە.

بەڵام لای پۆشکین زاراوەی (ئاگر نامێنێ) و زاراوەی تر دووبارە دەبێتەوە، کە پەنابردنەبەر ئەو شێوازە هونەرییە کلاسیکییە فریاینەکەوت لە گواستنەوەی ژیانە نوێیەکەدا و بەتایبەت لەو وێنانەی کە لە واقیعی ژیانی وڵاتدا هەڵییەنجابوون، بۆیە پێویستە لەسەری کە بگەڕێت بەدوای شێوازی هونەری تردا بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەو شۆڕشەی کە کارە شیعرییەکانی تیادەبینێتەوە.

مردنی لینینیش کاریگەری کردە سەر دەروونی و (ن. ئاسیڤی) شاعیریش ئەو حاڵەتەی مایاکۆڤسکی باس دەکات و دەڵێت: پێشتر بەو شێوەیە ڤلادیمێر ئەلیچم بە

دڵتەنگی و خەمۆکی نەبینیبوو، کە رووخساری داماڵرابوو، بەجۆرێك پێشتر هەمیشە چالاك و لەژێر کاریگەری رووداوەکاندا بوو، بەڵام ئێستا هەر قسە ناکات.

لە ساڵی ١٩٢٤ و لەدوای مردنی لینین ،داستانە هۆنراوەی(ڤلادیمێر ئەلیچ لینینی) نوسی و لە بەشی یەکەمی هۆنراوەکەدا باس لە پێویستی سەرهەڵدانی سەرکردەیەك بۆ چینی کرێکاری دەکات، کە لەدواییدا لە کەسایەتی لینیندا بەرجەستە دەبێت، پاشان لە بەشی دووەمدا باس لە هەوڵ و تێکۆشانە شۆڕشگێڕییەکەی دەکات، کە ئەو کەشتیوان و ئاڕاستەکەری کەشتی شۆڕشە، هەرچی بەشی سێیەمیشە تیایدا توشی ئەو خەمە قووڵە دەبێت کە بەهۆی مردنی لینینەوە تەواوی وڵات تووشی بووە، بەڵام لینین هەر زیندووە و بانگەشە بۆ چینی کرێکار دەکات کە راپەڕن و تێبکۆشن لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیاندا.

هەروەها شێوازی ئەم داستانە هۆنراوەیە بە بەکارهێنانێکی بەرفراوانی ئەو زاراوە و وشانە جیادەکرێتەوە کە بەهۆی شۆڕشەوە ئێستا لەسەر زاری

خەڵکە و بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە: بێکاری. ئیدی ئەو زمانە سیاسییەی کە ئێستا لەلایەن ئەو خەڵکە بەرفراوانەوە بەکاردەهێنرێت لە زمانی هۆنراوەکەدا بەرجەستەکراوە، بەجۆرێك کەوای لە دوژمنەکانی کرد هێرش بکەنەسەری، بەوپێیەی کە زمانی سیاسی لە بەهای هونەری هێزی شیعری هۆنراوەکانی دادەبەزێنێت.

هەرچی کەسایەتی لینینیشە، ئەوا لە چوارچێوە مرۆڤایەتییەکەیدا وێنەی کردووە بەبێ ئەوەی هیچ سیفاتێکی پێغەمبەرایەتی بداتێ یان بیکاتە تێکشکێنەری دابونەریت، بەڵکو جەختی لەسەر خەسڵەتە مرۆڤایەتییەکانی کردۆتەوە، بۆیە لەبارەیەوە دەڵێت، لینین لەسەر ئەم خاکە پێگەیشتووە و نەشونمای کردووە، ئەو لەهەموو کەس مرۆڤدۆستترە، تا دوا هەناسە مرۆڤدۆستە و ئەو فێرکەر و فێرخوازە و لەهەمان کاتیشدا هاوتای نیە بۆ تێگەیشتن لە رێچکەی رووداوەکانی شۆڕش و توانای بەرێکردن لەپێناو خزمەتی خەڵکدا، ئەو تاکە لە توانا و بەهرە و جێبەجێکردندا و پێشڕەوی خەڵك دەکات و لێیانەوە فێردەبێت، هەروەها لەبارەیەوە دەڵێت:

چینە نەخوێندەوارەکە
خۆیدا
بە لینیندا
و بە روناکبیرییەوە
هاتە دەرەوە
کە هێز و بیرۆکەی خەڵکی پێبەخشی
و لینین لەگەڵ ئەو چینەدا گەشەیکرد...

ڕەگەزەکانی داستان لەم داستانە هۆنراوەیەدا کۆدەبێتەوە، کە شاعیر وێنای کەسایەتی قارەمان و مێژوویی لینین دەکێشێت، بەوپێیەی ڕۆڵی شۆڕشگێڕی خۆی لە هەریەك لە روسیا و جیهاندا گێڕا بە پەیوەندیکردن بە بەرفراوانترین ڕیژە لە خەڵك و ئەورووداوە جەرگبڕانەی، کە لەو ماوە چارەنوسزانەدا دا لە روسیادا روویاندا.

ئەو داستانە هۆنراوەیە بە شێوازی کورتکرا و زاراوەی کورت و ورد لە دەربڕینی ناوەڕۆکی بەرفراوان و قووڵ جیادەکرێتەوە و حزبی بۆلشەفیکیش جیاوازە لە پارتەکانی پێشتر و سەرکردایەتیکردنی لە پشتبەستن بە خەڵك و

باوەڕبەخۆبوون لە سەرکردایەتی کۆمەڵدا، لەجیاتی سەرکردایەتیکردنی تاکی گۆشەگیری باو لە ژیانی سیاسیدا و دەڵێت:

ئێمە
بە تەنها نین
ئێمە
یەکگرتنی تێکۆشانین
بۆ رزگارکردنی
چینی کرێکار

لێرەدا کەسایەتی شاعیر هەر بە جیاواز دەمێنێتەوە، بەوەی کە ئەو لەناو کەسایەتییەکانی تردا ناتوێتەوە، بەڵام لە بیرۆکە و هەست و سۆزەکانیدا بەشداری بە خەڵك دەکات.

شاعیر دڵخۆشە بە شۆڕش و خەمبارە لەگەڵ میللەتدا بەو زیانە گەورەیەی بە مردنی لینین بەر وڵات کەوت و خۆی بۆ چینی پلیشاوە تەرخاندەکات و هاواردەکات: هەموو هێزە چەخماخەکانی شاعیر پێشکەش بە تۆ دەکەم ئەی چینی هێرشبەر. پاشان بە زمانی کۆ قسە دەکات و

دەڵێت: گۆشی گەردەلوولەکان بووین، چونکە خۆی بە بەشێك لە شەپۆلی داگیرکەرانەی شۆڕش دادەنێت.

هەروەها وازی لەو وێناکردنەی پێشتری هێنا بۆ شۆڕش بەوپێیەی کە شۆڕشی کەلوپەل و خەڵکە هەروەك لە هۆنراوەی (شۆڕش تۆمارێکی شاعیرانەیە) و (١٥٠ ملیۆن)دا هاتووە، پاشان شۆڕش رەهەندە راستەقینەکانی خۆی وەرگرت، چونکە خەڵك بزوێنەرێتی، بەڵام جاروبار بەکارهێنانی شۆڕشی کەلوپەلەکان ناچێتە ناو ناوەڕۆکی بینای هۆنراوەکەوە، بەڵکو بۆ دەربڕینی پشتگیریکردنە لە تەواوی ویستەکانی لینین و دەڵێت:

لێرە

هەموو تاوەرەکان

گوێیان لە لینین بوو و

لە ئاگر و دووکەڵدا

لە دوایەوە

رۆشتن.

لە یادی تێپەڕبوونی دە ساڵەی مردنەکەشیدا لە ساڵی ١٩٢٧ داستانە هۆنراوەیەکی بەناوی (باش) بۆ نووسی و

(أ. ڤ. لۆناچارسکی) دەڵێت: ئەم شۆڕشەی ئۆکتۆبەر لە سەبیکەیەکی (داڕێژراوێکی) زیویدایە و پڕە لە گیانی گەشبینی و خۆشی بەرامبەر بە دەستکەوتەکانی شۆڕش. هەروەها وێنای ڕێپێوانە شۆڕشگێڕییەکەی وڵات دەکات هەر لە شۆڕشی شوباتەوە تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و گرتنەوەی سەراپای وڵات و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی دژی ئەو شەڕکەرانەی کە بە گەمارۆدراوی لە هەموو لایەنەکانیان دەدا و رووی تۆپەکانیان کردبووە ئێمە و خەڵکیش تێدەکۆشان لەپێناو نان و ئاشتی و ئازادیدا.

دوابەدوای ئەم ڕووداوانەش قۆناغی دروستکردنی سۆشیالیستی ئاشتیخوازی دێت کە بە تێکۆشان و شەڕکردن دەڕوا بەڕێوە.

لە هۆنراوەکانی پێشوویدا گیانی نێونەتەوەیی و قسەکردن لەبارەی شۆڕشی جیهانییەوە دەردەکەوت، بەڵام لە هۆنراوەی (باش)دا، نیشتمانەکەی بەرز دەنرخێنێت کە ئەم شۆڕشە گەورەیەی ئەنجامدا و هەوڵێکی زۆریدا لەپێناو دروستکردنی سۆشیالیستیدا و هەربۆیەش جەخت لەسەر وشەکانی وەك ( خاکەکەم، نیشتمانەکەم) دەکاتەوە و خۆی

بە دڵۆپە دادەنێت کە لەگەڵ میللەتدا دەڕژێت و ئەو هاووڵاتیانە بەرز دەنرخێنێت کە هەوڵدەدەن و تێدەکۆشن بۆ دروستکردنی ژیانێکی نوێ و لەم کۆپلە شیعرییانەدا خۆشەویستییەکەی بۆ نیشتمان دەتەقێتەوە:

من

ئەم

خاکەم

خۆشدەوێت

لەوانەیە

بیرم بچێتەوە

لەکوێ و کەی

ورگ پەیدابوو

لووەکان

گەشەیانکرد

لەکاتێکدا ئەو زەوییەی

کە

لەگەڵیا بەدەست برسێتییەوە دەینالاند

هەرگیز ناتوانم

دڵنەوایی بدەمەوە

جێگام

بینیوە

کە هەنجیر و هەرمێ

بەبێ هەوڵ

لەسەر دەمم

گەشەیاندەکرد

بەشێوەیەکی تر

سەیریدەکەم

بەڵام زەوی

کە

دەستمکەوت

نیمچە زیندوو

بەخێومکرد

من لەگەڵیدا بە دەنگی فیشەك هەڵدەستام

و لەگەڵ تفەنگدا دەنووستم

لەگەڵ خەڵکدا وەك دڵۆپە

تێکڵاو دەبووین

لەگەڵ نمونەی

ئەو زەوییەشدا

دەڕۆم بەرەو

ژیان

بەرەو کار

و جەژنەکان

و مردن ،

نە ئەرك و نە شیعر

پەسەند ناکات

سەرەڕای

هەموو

ئەو کارانەی کە دەیکەین

من

دەتوانم نیوەی نیشتمان بڕوخێنم

و نیوەکەی تریشی

دووبارە بنیاتی دەنێمەوە و دەیشۆمەوە

من لەگەڵ ئەوانەدام

کە

دروست دەکەن و پاکدەکەنەوە

لەچالاکییەکی

بەردەوامدا

دەمێنمەوە

نیشتمانەکەی

ئێستام

بەرزدەنرخێنم

سێ ئەوەندەش

نیشتمانی دواترم بەرزدەنرخێنم.

لە بەشی حەوتەمی هۆنراوەکەدا چاوی بە بلۆکی شاعیر دەکەوێت کە شۆڕشی بە تەقینەوەیەکی خۆڕسکی تورەیی میللەت دادەنا بەرامبەر چەوسێنەرانی، لەکاتێکدا مایاکۆڤسکی پێی وایە کە حیزب کرێکار و جوتیارانی کۆکردۆتەوە و ریزەکانی رێکخستوون، لەوەش دەچێ کە بلۆك خەمبار بێت لەمەڕ روودانی هەندێك هەڵسوکەوتی ئاژاوەگێڕیدا و لەوانەش سووتاندنی کتێبخانەکەی لە لادێی و مایاکۆڤسکی لەگەڵی دەدوێ و دەڵێت:

ناسیمەوە

سەرسام بووم
وتم
چۆنیت ئەلیکساندەر بلۆك!
ژیانی جوانی ئایندەخوازەکان
و جیهانی وێرانکراو
لە هەموو لایەکەوە
دەشکێت
بلۆك سەیریکردم
و ئاگرەکە کڵپەدەستێنێ
زۆر باشە
لە هەموو لایەکەوە
روسیای بلۆك
نقوم بوو
هۆنراوەکانی (نادیار و
هەوری باکوور)
بەرەو خوارەوە رۆچوو
وەك چۆن پەردوو
قوتوی تەنەکە

بەردەبێتەوە

لەناکاو رووخساری

رەزیلتر

لە روخساری  سەڕاف

کاڵتر

لە مردنی ناو ئاهەنگی

ژنهێنان

لە گوندەکەوە

نوسیویانە

کە کتێبخانەکەی لادێمیان

سووتاندووە

بلۆك و سێبەرەکەی چاویانتێبڕی

دەیانڕوانیی

پشتیان نابوو بە دیوارەوە

خەریکە

هەردووکیان چاوەڕێی

هەنگاوەکانی مەسیحن

بەڵام مەسیحی بلۆك

لەچاوییا

دەرنەکەوت

خەمباربوو

و لە جیاتی مەسیح

لەپشت سوچەکەوە

خەڵکی زیندوو دەرکەوتن

گۆرانیان دەوتەوە:

هەستن

هەستن

هەستن

ئەی کرێکاران

ئەی بەکرێگیراوان.

تێبینی هەمەڕەنگی شێواز و جۆراوجۆری شێوەکانی دەکەین و کۆپلە شیعرییەکانی بە پاراوی و نەرمی جیادەکرێتەوە کە پڕە لە ئاوازی گۆرانی لەکاتێکدا کە باس لە خۆشەویستی خۆی بۆ خاك و نیشتمانەکەی دەکات و گۆرانی میللی بەکاردەهێنێت لەکاتێکدا وێنای جووتیار و شۆڕشەکەیان دەکات و ریتم و قافیەی هۆنراوەکەی لەگەڵ

ناوەڕۆکەکەیدا دەگونجێت، پاشان شاعیر پەنادەباتە بەر بەرامبەرکردنی شتەکان و گفتوگۆ و دیمەنە کورتە سەربەخۆکان و لێرەدا بەشێوەیەکی رەخنەگرانە و قارەمانانە دەستبەرداری کەسایەتییەکان دەبێت، هەر وەك چۆن لە (نمایشی هەجوو) و (١٥٠ ملیۆن)دا، ئیدی ئەو لەنێوان شێوازی قارەمانێتی و گیانی پێکەنین و گاڵتەئامێز تێکەڵدەکات لە کاتێکدا کە رووبەڕووی نوێنەرانی شۆڕش دەبێتەوە و لە باسکردنی پارچەکانی ژیاندا ئاوازی گاڵتەجاری بەرز دەبێتەوە.

لەنێوەندی نمایشکردنماندا بۆ تێگەیشتنی شۆڕشگێڕی ئەو هەست بە تێهەڵچوونی مایاکۆڤسکی دەکەین لەگەڵ رووداوە سەختەکانی رۆژانەدا و هەڵوێستە بەردوامە گۆڕاوەکانی لەبارەی ناوەڕۆکی شۆڕش و درکپێکردنی هەستپێکراوی بۆ رەهەند و ئاسۆکانی. هەروەها ئەم تێگەیشتنە گەشەکردووە لە شێوازیدا کە وێناکردنی رۆمانتیکیی و هەستپێنەکراوەی رەنگیداوەتەوە بۆ دەرخستنی بە شێوەیەکی واقیعی و هەڵێنجراو لە راستیی ئەو رۆژگارانەی کە تیایدا ژیاوە و بینیویەتی.

- سوپاسێکی بێپایانم بۆ مامۆستا (عبدالله تاهیر بەرزنجی)، کە ئەرکێکی زۆری کێشا لەگەڵمدا.